له بڵاو کراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

# کاتی داهاتوو

## کۆمەڵە چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە هانی مرۆڤ دەدات بۆ تەوبە کردن وگەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە

**نوسینی:** عبدالملك القاسم

**وەرگێڕانی:** صلاح الدين عبد الكريم

چاپی یەکەم (١٤٢٩ هـ / ٢٠٠٨ ز) .

---

ماڵپەری بەهەشت
ba8.org

ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی نوسەر

سوپاس وستایش بۆ ئەو خوایەی کە تەوبە وەردەگرێت لە بەندەکانی، وە لە تاوانەکانیان دەبورێت، وەسەڵات وسەلام لەسەر مامۆستای خێر وچاکەی مرۆڤایەتی، لە پاشاندا:

بەدڵنیاییەوە ئەدەبی ئیسلامی بوارێکی کراوەو دەرگایەکی فراوانە، وە لەگەڵ زۆری بەرهەمی فیکری ورۆشنبیری لەم سەردەمەدا، بەڵام ئەوەی بەدواداچونی هەبێت بۆ ئەو جوڵە ڕۆشنبیرییەی کە لە جیهانی ئیسلامیدا هەیە تێبینی نەبوونی زۆرێك لە مەبەستەکانی ئەدەبی ئیسلامی دەکات، لەوانە: چیرۆکی مەبەستدار.

بۆیە پێم خۆش بوو بەم کۆششە کەمە بەشداری بکەم وەکو هاوکارییەك لەمنەوە ئەگەر بە کەمێکیش بێت لە چیرۆکی ڕاستەقینە.

وە ئەمەیش کۆمەڵی یەکەمە بە ناونیشانی: **کاتی داهاتوو.**

بە ئومێدی ئەوەی کە بەدڵی خوێنەران بێت.

وەبە هیوای یارمەتی وسەرکەوتنی خوای گەورەم.

**نوسەر**

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

# پێشەکی وەرگێڕ

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ.

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ﴾

[سورة آل عمران: ١٠٢] .

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾ [سورة النساء : ١] .

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾

[سورة الأحزاب: ٧٠ ـ ٧١] .

أَمَّا بَعْدُ ...

فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

ئاشکرایە کە چیرۆك چ کاریگەرییەکی هەیە بەسەر مرۆڤەوە و چۆن سەرەنجی ڕادەکێشێت، وەچۆن لەدڵیدا جێگیر دەبێت، وە دواتریش بەئاسانی لەبیری ناچێتەوە، جگە لەمانە چەندەها سودی تر کە شاراوە نییە، هەربۆیە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسی چیرۆك وبەسەرهاتی چەندەها پێغەمبەران(عليهم الصلاة والسلام) وپیاوچاکان وستەمکاران ونەتەوەمان بۆدەکات، هەروەها پێغەمبەریش ﷺ بەهەمان شێوە، کە ئەمە بەڵگەیە لەسەر گرنگی و کاریگەری باسکردن وگێڕانەوەی ئەو چیرۆکانەی کە پەندوئامۆژگاری تێدایەو هانی مرۆڤ دەدات بۆ تەوبە کردن وگەڕانەوە بۆلای خوای گەورە وئەنجام دانی کردەوەی چاك و وازهێنان لە خراپەو تاوان، ئەم نامیلکەیەی بەردەستت کۆمەڵێك لەو جۆرە چیرۆکانەی گرتۆتە خۆ منیش بە پشتیوانی خوای گەورە هەستام بە وەرگێڕانی بە ئومێدی ئەوەی کە سود بگەیەنێت و ببێتە هۆکارێك بۆ گەڕانەوە بۆلای خوای گەورە ودەست هەڵگرتن لە خراپەو تاوان.

داواکارم لە خوای گەورە کە ئەم کارە کەمە وهەموو کردەوەکانی ترمان تەنها لەبەر ڕەزامەندی ئەو بێت وبەشی کەسی تری تێدا نەبێت، ولێمان وەربگرێت وبیکاتە توێشوی ڕۆژی قیامەتمان، **آمين**

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**

**وەرگێڕ**

٤/ جمادي الأولى ١٤٢٩ ك

بەرامبەر ١٠/٥/٢٠٠٨

# کۆچ کردن

خوشکەکەم وردە وردە شێوەی دەگۆڕا و لەشی لاواز دەبوو .. بەڵام وەکو جاران قورئانی پیرۆزی دەخوێند .

هەر کاتێك بە دوایدا بگەڕایتایە لە شوێنی نوێژ کردنەکەی دەتبینی.. لە رکوع و سوجدەدایە دەستی بەرز کردوّتەوە بۆ ئاسمان.. بەم شێوەیەیە لە بەیانیان و ئێواران و لە نیوەی شەودا بە بێ بچڕان و بێزار بوون ..

منیش سوور بووم لەسەر خوێندنەوەی گۆڤاری هونەری و ئەو پەرتووکانەی چیرۆکیان لە خۆیان گرتووە .. تەماشای ڤیدیۆم دەکرد بە شێوەیەك کە پێی ناسرا بووم .. ئەرکەکانم بە تەواوەتی جێبەجێ نەدەکردوو پەیوەست و رێك نەبووم بە نوێژەکانمەوە ..

پاش ئەوەی بۆماوەی سێ کاتژمێر تەماشای ڤیدیۆم کرد و چەند فلیمێکی جۆراو جۆرم بینی ڤیدیۆکەم کوژاندەوە ..

ئەوە دەنگی بانگە بەرز دەبێتەوە لە مزگەوتەکەی تەنیشتمان.. گەڕامەوە بۆ جێگای خەوتنەکەم ..

بانگی کردم لە ژووری نوێژ کردنەکەیەوە.. بەڵێ نورە چیت دەوێت؟

بە دەنگێکی بەرز پێی ووتم: نەخەویت تا نوێژی بەیانی دەکەیت..

ئای.. یەك کاتژمێر ماوە بۆ نوێژی بەیانی ئەوەی کە بیستت بانگی یەکەم بوو ...

بەدەنگە خۆشەکەی ووتی — هەر بەم شێوە بوو پێش ئەوەی تووشی نەخۆشی‌یە سامناکەکەی بێت و لە جێگادا بکەوێت.. بانگی کردم ...

هناء وەرە تەنیشتم .. منیش بە هیچ شێوەیەك ناتوانم داواکاری ڕەت بکەمەوە .. هەست دەکەیت بە پاکی و ڕاستگۆیی ..

بێ گومان بە گوێڕایەڵی‌یەوە بە دەنگی‌یەوە دەچیت ..

چیت دەوێت؟..

دانیشە ..

ئەوا دانیشتم چی دەڵێیت؟ ..

بە دەنگێکی خۆش و ناسکەوە: ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ [آل عمران: ١٨٥]..

واتە: (هەموو کەسێك دەبێت مردن بچێژێت و تەنها پاداشتی کردەوەکانتان لە قیامەتدا وەردەگرن) ..

ماوەیەکی درێژ بێ دەنگ بوو.. پاشان لێمی پرسی ..

ئایا باوەڕت بە مردن نی‌یە؟ ..

بەڵێ باوەڕم پێ هەیە ..

ئایا باوەڕت نی‌یە بەوەی کە لەسەر هەموو شتێکی بچوك و گەورە لێت دەپرسرێتەوە ..

بەڵێ .. بەڵام خوای گەورە بە ڕەحم و بەزەیی‌یە و لێمان خۆش دەبێت .. وتەمەنیش درێژە ..

ئەی خوشکم ئایا ناترسی لەمردن و ناکاوی‌یەکەی .. تەماشای هند بکە لە تۆ بچوکتر بوو بەڕوداوی سەیارە مرد.. فلان .. وفلان ..

مردن تەمەن نازانێت.. و پێوانەی بۆ نی‌یە ..

بە دەنگێکی ترساوەوە وەڵامم دایەوە چونکە ژووری نوێژ کردنەکەی تاریك بوو .. من خۆم لە تاریکی دەترسێم و تۆیش بە مردن زیاتر ترساندمت.. ئێستا چۆن خەوم لێ بکەوێت.. من وام زانی تۆ ئێستا ڕازی بوویتە بە گەشت کردن لە گەڵماندا لەم پشوەدا..

لە ناکاو.. دەنگی دەرنەچوو دڵم کەوتە لەرزین ..پاشان ووتی ..

لەوانەیە هناء ئەم ساڵ من گەشتێکی زۆر دوور بکەم.. بۆ شوێنێکی تر.. تەمەن بەدەستی خوایە .. دەستی کرد بە گریان .. بیرم کردەوە لە نەخۆشی‌یە سامناکەکەی کە پزیشکەکان بە نهێنی بە باوکمیان ووت لەوانەیە نەخۆشی‌یەکەی نەهێڵێت زۆر بژێت.. بەڵام کێ ئەم هەواڵەی پێ داوە؟.. یان خۆی چاوەڕێی ئەم شتە دەکات؟ ..

پێم ووت: چیتە بیر لە چی دەکەیتەوە؟ ئەمجارە بە دەنگێکی بەرز ووتی: ئایا تۆ وا دەزانی من ئەم شتانە دەڵێم چونکە نەخۆشم؟

نەخێر .. لەوانەیە تەمەنم لە لەش ساغەکان درێژتر بێت .. تۆیش تاکەی ژیان بەسەر دەبەیت؟ لەوانەیە بیست ساڵی تر.. یان چل ساڵی تر.. پاشان چی؟ .. دەستی

دەرکەوت و لەو تاریکی‌یەدا بە توندی ڕای وەشاند.. جیاوازی لە نێوانماندا نی‌یە هەمووومان کۆچ دەکەین و ئەم دونیایە بەجیٚ دەهێڵین یان بۆ بەهەشت یان بۆ دۆزەخ.. ئایا نەتبیستووە خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿فَمَنْ زُحْزِحَ عَنِ النَّارِ وَأُدْخِلَ الْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ﴾ [آل عمران: ١٨٥]؟

واتە: (هەرکەسێك دوور بکەوێتەوە لە دۆزەخ و بخرێتە بەهەشتەوە ئەوا بە دڵنیایی‌یەوە سەرکەوتووە).

بنو لەسەر خێر.

بە پەلە ڕۆیشتم و دەنگی گوێمی دەزرنگانەوە .. خوا هیدایەتت بدات ..

نوێژەکەت لە بیر نەکەیت ..

کات هەشتی بەیانی‌یە ..

گوێم لە دەنگی دەرگاکە بوو .. ئەمە کاتی لە خەو هەستانم نی‌یە..

گریان .. ودەنگە دەنگ .. چی ڕووی داوە ..

نورە حاڵی باش نی‌یە .. باوکم بردوویەتی بۆ نەخۆشخانە .. إنا لله وإنا إليه راجعون..

ئەم ساڵ گەشت کردن نی‌یە.. لە سەرم نوسراوە دەبێت ئەم ساڵ بمێنمەوە لە ماڵەوە..

پاش چاوەڕوان کردنێکی زۆر ..

لە کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆ .. باوکم پەیوەندی پێوە کردین لە نەخۆشخانەوە.. دەتوانن سەردانی بکەن هەر ئێستا بەپەلە ..

دایکم پێی ووتم قسەکانی باوکت زۆر دڵنیاکەر نەبوو وەدەنگیشی تەواو گۆڕا بوو.. عەباکەم بە دەستمەوەیە ..

کوا شۆفێر .. بە پەلە سەرکەوتین... کوا ئەو ڕێگایەی کەمن پێیدا دەڕۆیشتم لەگەڵ شۆفێردا زۆر کورت بوو ... بۆ ئەمڕۆ ئەوەندە درێژ بۆتەوە .. زۆر درێژ بۆتەوە ونابڕێتەوە..

کوا ئەو قەڵەباڵغیەی کە لام خۆشەویست بوو تا تەماشای لای ڕاست و چەپ بکەم ..ئێستا ئەم قەڵەباڵغیە کوشندەیەو نابڕێتەوە ..

دایکم لە تەنیشتمەوە دوعای بۆ دەکات.. کچێکی چاك و گوێڕایەڵە.. هیچ کات نەمبینیوە کاتی خۆی بە فیڕۆ بدات..

چوینە نەخۆشخانەکەوە لە دەرگای دەرەکیەوە.. ئەمە نەخۆشێکە هاوار دەکات .. ئەمە یەکێکی ترە بریندارە بە ڕووداوی سەیارە ..

ئەمە یەکێکی ترە چاوی بە قوڵاچووە .. نازانیت ئایا ماوە یان مردووە.. شێوازێکی زۆر سەر سوڕهێنەرە پێشتر شتی وام نەبینی بوو ..

زۆر بە خێرایی بەسەر پلیکانەکاندا سەرکەوتین ..

نورە لە ژووری چاودێریە

ئێستا دەتانبەم بۆ لای.. پەرستارەکە بەردەوام بوو لە قسە کردنیدا و وتی: کچێکی زۆر چاکە و دایکمی دڵنیا کرد کە بەرەو باشی دەڕوات پاش بێ هۆش بوونەکەی..

قەدەغەیە چونە ژوورەوەی زیاتر لە کەسێك ..

ئەمە ژووری چاودێرییە ..

لەناو قەڵەباڵەغی پزیشکەکاندا و لە پەنجەرە بچوکەکەی دەرگاکەوە چاوەکانی نورەی خوشکم بینی تەماشامی دەکرد و دایکیشم لە تەنیشتێوە ڕاوەستاوە .. پاش دوو خولەك دایکم هاتە دەرەوە کە نەیتوانی فرمێسکەکانی بشارێتەوە ..

ڕێگەیان دام کە بچمە ژورەوە و سەلامی لێ بکەم بە مەرجێ زۆر قسەی لەگەڵدا نەکەم .. دوو خولەکت بەسە ..

نوورە حاڵت چۆنە؟

تۆ دوێنێ شەو باش بوویت .. چیت بەسەردا هاتووە؟ ..

پاش ئەوەی دەستمی گوشی وەڵامی دایەوە: سوپاس بۆ خوا ئێستا من باشم ..

سوپاس بۆ خوا بەڵام دەستت ساردە ..

دانیشتبووم لە لێواری قەڵەوێرەکەی و دەستم لە قاچی دا.. دووری خستەوە لێم.. بم بوورە ئەگەر جێگەتم سەغڵەت کرد بێت .. نەخێر بەڵام بیرم دەکردەوە لە فەرموودەی خوای گەورە:

﴿وَالْتَفَّتِ السَّاقُ بِالسَّاقِ إِلَى رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ الْمَسَاقُ﴾ [القيامة: ٢٩-٣٠].

واتە: (قاچەکان دەدرێن بە یەکتریدا لە کاتی سەرەمەرگدا و لەو ڕۆژەدا دەگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە ) ..

هناء دوعای خێرم بۆ بکە لەوانەیە بەم زوانە پێشوازی لە یەکەم ڕۆژی قیامەت بکەم ..

گەشتەکەم دووره و زادم کەمە .

فرمێسکێك بە چاومدا هاتە خوارەوە پاش ئەو قسانەی کە بیستم و دەستم بە گریان کرد .. ئاگام لە خۆم نەماو نەمزانی لە کوێم ..

بەردەوام بووم لە گریاندا .. تا باوکم زیاتر لە من دەترسا وەك لە نوورە.. پێشتر گریانی وایان لە من نەبینیبوو ..

- لەگەڵ ڕۆژئاوا بوونی ئەو ڕۆژە پڕ ناخۆشی‌یە ..

بێ دەنگی‌یەکی زۆر باڵی کێشا بەسەر ماڵماندا ..

کچی پور و کچی میمکم هاتنە ژورەوە بۆلام ..

چەند ڕووداوێکی خێرا ..

میوانەکان زیادیان دەکرد .. دەنگەکان تێکەڵاو بوون .. یەك شتێکم زانی.. نورە مرد ..

وام لێهات نەم دەزانی کێ هاتووە.. وچی دەڵێن.. خوایە هاوار.. من لە کوێم وچی ڕوو دەدات؟! .. توانای هیچ شتێکم نەما تەنانەت گریانیش.. پاشان پێمیان ووت کە باوکم

دەستمی گرتووە بۆ خوا حافیزی کۆتایی لە نورە.. منیش دەستیم ماچ کردووە .. هیچ شتێکم نایەتەوە یاد تەنها یەك شت نەبێت .. کاتێك تەماشام کرد لەسەر جێگای مردن.. ئەم ئایەتەم بیر کەوتەوە ﴿وَالْتَفَّتِ السَّاقُ بِالسَّاقِ﴾ زانیم لە ڕاستیدا ﴿ إِلَى رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ الْمَسَاقُ﴾ .

نەم دەزانی کە من گەڕاومەتەوە بۆ ژووری نوێژ کردنەکەی جگە لەو شەوە نەبێت ..

لەوێدا بیرم کەوتەوە کە ئێمە دوانەین وپێکەوە لە دایك بووین.. بیرم کەوتەوە کە ئەو بوو بەشداری غەم و پەژارەکانمی دەکرد.. بیرم کەوتەوە کە ئەو بوو ناخۆشییەکانی لە سەرم لادەبرد.. ئەو بوو دوعای هیدایەتی بۆ دەکردم.. ئەو بوو فرمێسك بە چاوەکانیدا دەهاتە خوارەوە شەوانێکی درێژ کە باسی مردن و لێپرسینەوەی بۆ دەکردم.. خوایە پارمەتیم بدەیت..

ئەمە یەکەم شەوێتی لە گۆڕەکەیدا.. خوایە ڕەحمی پێ بکەیت و گۆڕەکەی بۆ ڕوناك بکەیتەوە ..

ئەوە قورئانەکەیەتی .. ئەوە بەرماڵەکەیەتی .. ئەوە .. ئەوە .. بەڵکو ئەوە پۆشاکی ئاهەنگەکەیەتی کە دەیووت هەڵی دەگرم بۆ کاتی هاوسەرگیریم..

یادیم کردەوە و گریام بۆ ئەو ڕۆژانەی بە فیڕۆم داوە.. گریام گریانێکی بەردەوام.. و پاڕامەوە لە خوای گەورە کە ڕەحمم پێ بکات و تۆبەم لێ وەربگرێت و لێم خۆش بێت .. وە پاڕامەوە لە خوای گەورە کە نورە لە گۆڕەکەیدا جێگیر بکات هەر وەکو چۆن خۆی دەپاڕایەوە ..

- لە ناکاو پرسیارم لە خۆم کرد ئەی ئەگەر من بوومایە لە جێی نورە؟ ئێستا سەرەنجامم چی دەبوو..؟

نەگەڕام بە دوای وەڵامدا لەو ترسەی کە ڕووی تێ کردم.. زۆر گریانێکی بە کوڵ گریام..

الله اکبر .. الله اکبر.. ئەوا بانگی بەیانی‌یە بەرز بوەوە.. بەڵام ئەمجارە چەند خۆشە ..

هەستم بە دڵنیایی و ئارامی کرد کاتێك کە وەڵامی بانگەکەم دەدایەوە.. خۆم پێچایەوە و ڕاوەستام بۆ نوێژی بەیانی.. نوێژم کرد نوێژێکی کۆتایی ماڵئاوایی.. هەروەکو نورەی خوشکم پێشتر وا نوێژی دەکرد ودوا نوێژی بوو...

**کاتێك هەڵدەستم چاوەڕێی ئێوارە ناکەم ..**

**وە کاتێك دەخەوم چاوەڕێی بەیانی ناکەم ..**

## بێ ئاگایی

**حەسەنی بەصری**(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) **تەرمێکی بەخاك سپارد ولەسەر لیواری گۆڕەکە دانیشت وفەرمووی: دونیایەك ئەمە کۆتاییەکەی بێت شایانی ئەوەیە کە مرۆڤ لەسەرەتاکەیدا وازی لێ بهێنێت، وەگۆڕێکیش ئەمە سەرەتاکەی بێت شایانی ئەوەیە کە مرۆڤ لە کۆتاییەکەی بترسێت.**

خوایە بەزەیت پێماندا بێتەوە کاتێك گۆڕەکەمان نامێنێت.. و ناومان لە بیر دەچێتەوە.. و یادمان ناکرێتەوە.. و سەردانمان ناکرێت ..

خوایە بەزەیت پێماندا بێتەوە کاتێك کە دەشۆردرێین .. خوایە بەزەیت پێماندا بێتەوە کاتێك کفن دەکرێین .. خوایە بەزەیت پێماندا بێتەوە کاتێك دەمانخەنە سەر شانیان بەرەو گۆڕستان بەڕێمان دەخەن ..

کاسێتەکە بە خێرای دەڕۆیشت .. و منیش زۆر بە جوانی وپەرۆشەوە گوێم لە پاڕانەوەکانی ئیمامەکە دەگرت .. چەند جارێك ئەم دوعایانەم دووبارە کردەوە .. ئەوەی کە ووتی وپاڕایەوە هەمووی حەقە.. ژیان کۆتایی پێ دێت ..

دەشۆردرێین .. و کفن دەکرێین .. و دەخرێینە ناو گۆڕ لە ژێر زەویدا .. و ناومان نامێنێت ..

بەڵام ئەو دەنگە بە خشوعە .. وای لێم کرد ماوەیەکی زۆر ڕاوەستم .. گوێ لە کاسێتەکە بگرمەوە بۆ جاری سێیەم ..

خوشکەکەیشم .. بەڕاستی نموونەی خوشکی بانگەواز کار .. کۆشش کار بوو .. زۆر هەوڵی دەدا کە بەردەوام بم لە سەر نوێژ کردن .. و گوێڕایەڵی کردنی خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ ..

هەوڵی دا بە هەموو شێوەیەك کە لە توانایدا بێت .. بە ووتە .. و بەکاسێت.. و بە پەرتووك ..

- ڕۆژێ لە ڕۆژان ..کاتێك لە گەڵمدا سواری سەیارە بوو .. دەستمان کرد بە قسە کردن .. کاتێك ویستمان دابەزین .. ئەم کاسێتەی خستە ناو تەسجیلەکەوە

سبەی دەرچووم .. بە کتووپڕی .. و بێ هەست کردن .. دەستم خستە سەر کاسێتەکە .. بیرم نەبوو چی تێدایە .. بەڵام وەکو عادەتی خۆم وام چاوەڕوان دەکرد .. کە گۆرانییەك بێت لەو گۆرانیانەی کەمن پێم خۆشە.. بەڵام خوای گەورە ویستی لێ بوو کە ئەم کاسێتە بێت ..

لە بەیانی ئەو ڕۆژەدا گوێم لێ گرت .. بۆ شەویش دووبارەم کردەوە .. وە پاش نوێژی خەوتنیش ..

پرسیارم لێ کرد ئەم کاسێتە چییە خستووتە ناو تەسجیلەکەوە ..؟ ووتی: ئایا پێی سەرسام بوویت؟!

پێم ووت: بەڵێ بێگومان ..

پێشتر بەم گەرمییە وەڵامی نەدەدامەوە ..

زۆر دڵ خۆش بوو .. پەرتوکێکی بە دەستەوە بوو لە تەنیشتی دای نا.. پرسیارەکەی دووبارە کردەوە ..

سەرسام بوویت بە دەنگی ئیمامەکە وخوێندنەوەکەی ..؟

پێم ووت: بەڵێ ..

ئەم وەڵام دانەوەیە پێشەکی‌یەك بوو بۆ گفتوگۆ کردنێکی درێژ ..

نموونەی ئەم گفتوگۆیانە چەند جارێك دووبارە ببوەوە .. بەڵام ئەم جارەیان زۆر جیاواز بوو .

لە کۆتایدا پێی ووتم:

ئەوەی کە پێش کەمێك خوێندمەوە بۆت دەخوێنمەوە:

(حەسەنی بەصری بە تەنیشت گەنجێکدا تێ پەڕی کە ڕۆچوو بوو لە پێکەنیندا کاتێك کە دانیشتبوو لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵکدا .. حەسەن پێی فەرموو: ئەی گەنج .. ئایا بەسەر پردی صیراتدا تێپەڕ بوویت؟ . .

ووتی: نەخێر ..

فەرمووی: ئایا دەزانی بۆ بەهەشت دەچیت یان بۆ دۆزەخ ..؟

ووتی: نەخێـــر

فەرمووی: ئیتر ئەم پێکەنینە چی‌یە ؟!..)

ماوەیەکی درێژ بێ دەنگ بووین ..

پاشان ئاوڕی بەلامدا دایەوە .. و پێی ووتم ..

تاکەی ئەم بێ ئاگاییە ..

# دیاری

**عەمری کوڕی قەیس دەفەرمێت: (ئەگەر شتێك لە چاکەت پێ گەیشت ئەوا کاری پێ بکە ئەگەر تەنها جارێکیش بێت، چونکە دەبێت بە ئەهلی ئەو چاکەیە).**

لە پاش نارەحەتی خوێندنم تەواو کرد لە پەیمانگای تەندروستی .. ڕێك و پەیوەست نەبووم لە خوێندنەکەمدا .. بەڵام خوای گەورە دەرچوونی بۆ ئاسان کردم ..

وە دامەزرام لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی نزیکی شارەکەم .. سوپاس بۆ خوا کاروبارم دەڕوات بە ئاسانی .. وە دەژیم لە نێوان دایك و باوکمدا ..

بڕیارم دا مارەیەك کۆبکەمەوە بۆ ژن هێنانم .. کە دایکم هەموو ڕۆژێك هانی دەدام لە سەری ..

کارەکەم بە شێوەیەکی ئاسان و ڕێك وپێك دەڕۆیشت .. بە تایبەتی کە کارەکەم لە نەخۆشخانەی سەربازی بوو..

خۆم پێم خۆش بوو کە جوڵە بکەم بۆ ئەم شتە بۆیە سەرکەوتوو بووم لە کارەکەمدا سەرکەوتنێکی زۆر باش ..

ئەگەر بەراوردی بکەیت لەگەڵ خوێندنە تویرییە بێزارکەرەکەمدا ..

نەخۆشخانە فەرمانبەری لە هەموو فرە ڕەگەزەکان لێ بوو .. وە پەیوەندی من لە گەڵیاندا پەیوەندی کار کردن بوو .. هەروەها ئەوانیش سودیان لە بوونی من دەبینی لە

گەڵیاندا وەکو خەڵکی وڵاتەکە .. من چاوساغیان بووم بۆ ناوچە شوێنەواری‌یەکان .. و بازاڕەکان .. هەروەها هەندێکیانم دەبرد بۆ کێڵگەکەی خۆمان ..

وە پەیوەندیم پێیانەوە زۆر بە هێز بوو .. وە وا باو بوو لە کۆتایی هاتنی بەڵێندانی یەکێك لە فەرمانبەرەکان .. هەڵدەستاین بە گێڕانی ئاهەنگی ماڵئاوایی

ڕۆژێك لە ڕۆژان یەکێك لە پزیشکە بەریتانی‌یەکان بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ وولاتەکەی خۆی چونکە کاتی کارکردنی لەگەڵ ئێمە تەواو بوو ..

ڕاوێژمان کرد بۆ سازدانی ئاهەنگی خواحافیزی لێی .. وە شوێنی دەستنیشان کراو کێڵگەکەی ئێمە بوو .. بە شێوەیەکی گشتی هەموو شتێك ڕێکخرا.. بەڵام ئەوەی زۆربەی بیرو هۆشی داگیر کردم بریتی بوو لەوەی چ دیاری‌یەکی پێشکەش بکەم ..

بە تایبەتی من ماوەیەکی دوور و درێژ لەگەڵیدا بوومە ..

دیاری‌یەکی بە نرخ و گونجاوم دۆزی‌یەوە .. ئەم پزیشکە ئارەزووی کۆکردنەوەی پارچەی کەلەپوری هەیە .. وە بە بێ ماندوو بوون دەستم کەوت ..

باوکم زۆر لەو پارچە کەلەپوری‌یانەی هەیە.. منیش داوام لێ کرد.. پارچەیەکی کەلەپوریم لێ وەرگرت کە لە دروست کردنی ناوچەکەی خۆمان بوو لە کۆندا .. وە لەو کاتەدا کوڕێکی مامم ئامادەی گفتوگۆکە بوو لەگەڵ باوکمدا ..

وە ووتی بۆچی دیاری‌یەکی بۆ نابەیت لەسەر شێوەی پەرتوکێك لەسەر ئیسلام..

پارچە کەلەپوری‌یەکەم برد .. بەڵام قسەی ئامۆزاکەم بە گرنگ وەرنەگرت.. بەڵام خوای گەورە بۆمی ئاسان کرد بەبێ هەوڵ و تێکۆشان .. بۆ سبەینێ چوم بۆ کڕینی گۆڤار و ڕۆژنامە لە پەرتوکخانە.. پەرتوکێکم بینی لەسەر ئیسلام بە ئینگلیزی .. قسەکانی ئامۆزاکەم دەیدایەوە بە گوێمدا .. کڕینی هات بە مێشکمدا بەتایبەتی نرخەکەی زۆر هەرزان بوو .. پەرتوکەکەم کڕی.. ڕۆژی خوا حافیزی هاوڕێکەمان پەرتوکەکەم خستە ناوەندی پارچە کەلەپوری‌یەکەوە وەکو بلێی دەیشارمەوە .. دیاری خۆمم پێشکەش کرد .. وە خوا حافیزی‌یەکی زۆر کاریگەر بوو . چونکە ئەم پزیشکە زۆر خۆشەویست بوو لە لایەن هەموو فەرمانبەرەکانەوە .. هاوڕێکەمان گەشتی کرد .. ڕۆژ و مانگەکان بە خێرایی دەڕۆیشتن .. ژنم هێناو خوا منداڵێکی پێ بەخشین ..

- ڕۆژێکیان نامەیەکم پێ گەیشت لە بەریتانیاوە .. لەسەر خۆم خوێندمەوە چونکە بە زمانی ئینگلیزی نوسرا بوو .. هەندێك لەناوەڕۆکەکەی تێگەیشتم .. وهەندێکیشی تێنەگەیشتم .. زانیم لە هاوڕێ‌یەکی کۆنەوەیەو کاری لە گەڵماندا کردووە .. بەڵام بیرم کردەوە .. یەکەم جارە ناوی دەبیستم .. بەڵکو بیستنی ناوەکە زۆر نامۆ بوو ناوی (ضيف الله) بوو ..

نامەکەم داخست و هەوڵم دا هاوڕێ‌یەکم بێتەوە یاد ناوی (ضيف الله) بێت .. بەڵام نەمتوانی یادی کەسێك بکەمەوە بەم ناوە .. نامەکەم کردەوە و جارێکی تر خوێندمەوە .. بە هێدی و هێمنی پیتەکان دەرکەوت بە سادەیی و ئاسانی ..

ئەمەش بەشێکە لە نامەکەی:

برای بەڕێزم (ضيف الله) ..

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته ..

خوای گەورە موسڵمان بوونی بۆ ئاسان کردم وە هیدایەتی دام لەسەر دەستی تۆ .. هەرگیز هاوڕێتیت لەگەڵمدا لە یاد ناکەم .. وە دوعای خێرت بۆ دەکەم .. ئایا ئەو پەرتووکەت لە بیرە کە بە دیاری پێت دام لە کاتی گەشت کردنمدا .. ڕۆژێکیان خوێندمەوە زیاتر سور وپەرۆش بووم بۆ ناسینی ئیسلام .. وە لە یارمەتی دانی خوای گەورە بۆم ئەوە بوو لەسەر بەرگەکەی ناونیشانی بڵاوکەرەوەی پەرتووکەکەم بینی .. وەڵامم بۆیان نارد کە پێویستم بە زیاتر هەیە .. ئەوەی داوام کرد بۆمیان نارد.. سوپاس بۆ خوا کە ڕوناکی ئیسلام لە دڵمدا بڵاو بوەوە .. وە چوم بۆ ناوەندی ئیسلامی و موسڵمان بوونی خۆم ڕاگەیاند .. وە ناویشم لە (جۆن)ەوە گۆڕی بۆ (ضيف الله) واتە بۆ ناوەکەی تۆ چونکە تۆ خاوەنی فەزڵ بوویت لە پاش خوا .. هەروەها وێنەیەك لە بەڵگەنامەی موسڵمان بوونمت بۆ دەنێرم .. وە هەوڵ دەدەم بێم بۆ مەککەی پیرۆز بۆ جێبەجێ کردنی فەرزی حەج ..

برات لە ئیسلامدا .. (ضيف الله)

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته .

نامەکەم داخست .. بە پەلە دووبارە کردمەوە .. سەر لە نوێ دەستم کرد بە خوێندنەوەی ..

نامەکە زۆر بە توندی هەژاندمی .. چونکە هەستم بە ڕاستێتی دەکرد لە هەموو پیتێك لەپیتەکانی .. زۆر گریام ..چۆن خوای گەورە هیدایەتی پیاوێکی داوە لەسەر دەستی

من بۆ ئیسلام ومنیش کەمتەرخەم بوومە لە حەقیدا .. پەرتووکێك بەرامبەر پێنج ڕیال نی‌یە خوای گەورە هیدایەتی پیاوێکی پیێ بدات ..

توشی غەم و پەژارە و .. دڵخۆشی بووم ..

دڵ خۆش بووم کە خوای پەروەردگار هیدایەتی داوە بۆ ئیسلام بە بێ هیچ هەوڵ و کۆششێك لە منەوە .. وە زۆر غەم و خەفەتم خوارد .. چونکە پرسیارم لە خۆم کرد من ئەم هەموو ماوەیەی وا ڕۆیشت لە کوێ بووم دەربارەی ئەو فەرمانبەرانەی لە گەڵمدا بوون .. بانگیانم نەکردووە بۆ ئیسلام .. وە ئەم دینەم پێیان نەناساندووە .. تەنها وشەیەکیش بێت لە سەر ئیسلام کە لە ڕۆژی قیامەت شایەتیم بۆ بدات .. زۆر قسەم لە گەڵیاندا کرد .. زۆر گاڵتەم لە گەڵیاندا کرد .. بەڵام هیچ باسی ئیسلامم بۆیان نەکرد نەکەم نەزۆر ..

خوای گەورە هیدایەتی (ضیف الله)ی دا بۆ ئیسلام .. وە هیدایەتی منیشی دا بۆ لێپرسینەوەی خۆم و کەمتەرخەمی کردنم لە گوێڕایەڵی خوای گەورەدا.. لەمەودوا هیچ چاکەیەك بەکەم نازانم ئەگەر پەرتوکێکیش بێت بە تەنها یەك ڕیاڵ.. کەمێك بیرم کردەوە ئەگەر هەر موسڵمانێك تەنها یەك پەرتوکێك بدات بەوانەی وا لە دەوروبەریدان .. چی ڕوودەدات .. بەڵام جارێکی تریش تووشی تێك شکان بووم .. لە سەختی ئەوەی کە خوێندمەوە ..

*چەند ڕاستی‌یەك دەربارەی ئەفریقیا دەڵێن:

- بڕی ١٣٩ هەزار ملیون دۆلاری ئەمریکی لە ئەمریکا کۆکراوەتەوە بۆ کاروبـاری کەنیسە .
- ٣٩٦٨١٠٠ مژدەدەری گاور کۆکراونەتەوە لە هەمان ساڵدا .
- ١١٢٥٦٤٤٠٠ ئینجیل دابەش کراوە .
- ژمارەی ڕاگەیاندن و پەخشی تەلەفزیۆنە گاورەکان گەیشتۆتە ١٦٢٠ پـەخش کراو .

ئەم سەرژمێری‌یە وەرگیراوە لە گۆڤاری نێودەولـەتی ئـەمریکی بـۆ توێژینـەوەی بـەگاور کردنی خەڵکی ژمارە ١ بەرگی ١١–١٩٨٧ ز ..

پرسیارم کرد .. ئێمە لە کوێین .. بە لایەنی کەمترین حاڵەتەوە ...

- چەند شۆفێری نا موسڵمانمان هەیە .. چەند خزمەت کاری نا موسڵمانمان هەیە .
- چەند .. و چەند .. و ئازاریکە و فرمێسکی لـە پێشـەوەیە.. بـەڵام پرسـیارەکە هەر دەمێنێت ..کوا کارکردن.. کوا کارکردن..

# کاتی بە فیڕۆ چوو

منداڵە بچووکەکەم لە دوێنێ ئێوارەوە حاڵی باش نی‌یە.. کاتێ ئێوارەی ئەمڕۆ لەسەر کارەکەم گەڕامەوە بڕیارم دا بیبەم بۆ نەخۆشخانە.. هەرچەند زۆر ماندوو نارەحەت وبێزار بووم بەڵام ماندوو بوون لە پێناوی ئەودا پشووە.

هەڵم گرت و بردم.. چاوەڕوان کاران زۆر بوون.. لەوانەیە زیاتر لە کاتژمێرێك دوا بکەوین.. ژمارەیەکی چوونە ژوورەوەی لای پزیشکم وەرگرت و ڕووم کردە ژووری چاوەڕوان کردن بۆ دانیشتن..

وە چەند ڕوویەکی زۆری جیاوازی لێ بوو.. گەورەو بچوکیان تێدا بوو.. بێدەنگی باڵی کێشاوە بەسەر هەمواندا..

چەند نامیلکەیەکی بچوکی لێ بوو چەند برایەك پێشتر بردبوویان ودەیان خوێندەوە.

چاوم بە ئامادەبواندا گێڕا.. هەندێ چاویان نوقاندبوو نەتدەزانی بیر لە چی دەکەنەوە..

یەکێکی تر تەماشای تێڕوانینی ئەوانی تر دەکات.. کەسانی تریش لە ڕوویاندا هەست بە دوو دڵی و بێزاری دەکەیت لە چاوەڕوان کردندا .

دەنگی بانگکەرەکە.. کە بانگی ژمارە ئەوەندە دەکات .. بێدەنگی‌یە درێژەکە دەپچڕێنێت.. خۆشی لەسەر ڕووی بانگکراوەکە دیارە.. بە هەنگاوی خێرا دەڕوات .. پاشان بێدەنگی دەگەڕێتەوە بۆ هەموان ..

- گەنجێك كە لـە سـەرەتای تەمەنیدا بـوو سـەرەنجی ڕاكێشـام.. هـیچ شـتێكی مەبەست نییە لە دەورووبەری ..

قورئانێكی گیرفانی بچووكی پـێ بـوو.. لێـی دەخوێنـدەوە.. چـاوی بـەرز نـاكردەوە.. تەماشام كرد وزۆر بیرم لە حالّی نەكردەوە .. بەڵام كە چاوەڕوان كردنم درێـژەی كێشـا بۆ یەك كاتژمێری تەواو تەماشام كردنم بۆ لای گۆڕا بۆ بیركردنەوەیەكی قوڵ لە شێوازی ژیانی وپارێزگاری كردنی لە سەر كات ..

كاتژمێرێكی تەواو لە ژیانم چ سـودێكم بینـی كـە دەسـت بـەتاڵ و بـێ ئـیش و كـارم .. بەڵكو لە چاوەڕوان كردنێكی بێزاردام.. وا بانگی نوێژی ئێوارەیە.. چووین بۆ نوێژ.. لە نوێژگـەی نەخۆشـخانەكە هـەولّم دا لـە تەنیشـت خـاوەن قورئانەكـەوە بم پـاش ئـەوەی نوێژمان تەواو كرد لە گەڵیدا ڕۆیشتم وڕاستەوخۆ پێم ڕاگەیاند بە سەرسام بوونم پێی لـە پارێزگاری كردنی لە سەر كاتەكەی .

زۆربەی قسەكانی لەسەر زۆری ئـەو كاتانـە بـوو كـە سـودی لـێ وەرنـاگرین بـە ڕەهـایی كەشەوو ڕۆژن ولە تەمەنی ئێمە دەڕوات و كەم دەكات بە بێ ئەوەی هەست بكـەین یـان پەشیمان ببینەوە ..

ووتی: تەنها سالّێكە ئەو قورئانەی ناو گیرفانی هەڵگرتووە كاتێك هاوڕێیەكی هانی دا كە پارێزگاری بكات لەسەر كات .

وە پێی ڕاگەیانـدم .. ئـەو قورئـان دەخوێنێـت لـەو كاتانـەی كـە زۆر جار سـوودی لـێ وەرناگیرێت چەند جارێك زیاتر لەوەی كە لە مزگەوت یاخود لە مالّ دەیخوێنێت.. بەڵكو

خوێندنی لەسەر قورئانەکە جگە لەوەی پاداشت وەردەگریت إن شاء الله بێزاری و دڵەڕاوکێت لەسەر لا دەبات.. وە درێژەی بە قسەکانی دا و ووتی: زیاتر لە کاتژمێر و نیوێکە من لە شوێنی چاوەڕوان کردنم.. وە پرسیاری لێم کرد ..

کەی سەعات و نیوێکت دەست دەکەوێت تا قورئانی تێدا بخوێنیت ..

بیرم کردەوە.. چەندەها کات هەیە بە فیڕۆ دەڕوات.. چەندەها کات لە ژیانت دەڕوات و حسابی بۆ ناکەیت ..

بەڵکو چەندەها مانگ دەڕوات بە سەرتا و قورئان ناخوێنیت .

گفتوگۆکەم دواخست .. زانیم کە من پرسیارم لێ دەکرێت وکاتیش بە دەست من نی- یە.. ئیتر چاوەڕێی چی بم؟!

دەنگی بانگکەرەکە بیرکردنەوەی بچڕیم .. چومە لای پزیشکەکە .

ئێستا دەمەوێت شتێك جێبەجێ بکەم.. پاش ئەوەی دەرچووم لە نەخۆشخانە.. بە پەلە چووم بۆ پەرتوکخانە.. قورئانێکی بچوکم کڕی ..

بڕیارم دا پارێزگاری بکەم لەسەر کاتەکەم.. کاتێك قورئانەکەم نایە گیرفانم بیرم کردەوە ..

چەند کەس هەیە ئەمە بکات .. وە ئەوکەسەی ڕێنمایی دەکات بۆ ئەم شتە چەند پاداشتی گەورەی بۆ هەیە.

# بەختەوەری

پاش ئەوەی خوێندنی دوا ناوەندیم تەواو کرد (معاملات) م پێشکەش کرد بۆ پەیوەندی کردن بەزانکۆوە .

بەڵام لێرەدا شتێکی تازە هەیە گەنجێك هاتۆتە پێشەوە بۆ داخوازیم لە ئەمریکا دەخوێنێت وە ڕەزامەندیش دەربڕاوە ناچارم گەشت بکەم بۆ وولاتی غەریبی .. دڵخۆش بووم بەم شتە دڵخۆشییەکی زۆر گەورە ..

لەمەودوا لە ئەمریکا دەژیم .

زۆر ئەوەی وا بێزاری دەکردم ئەوە بوو چۆن بەم خێراییە کەس وکارم دەستیان لێم هەڵگرد بەڵکو چۆن رازی بوون لەسەر غەریبی درێژ خایەن بە تایبەتی ئەوان پێشتر ئەم پیاوەیان نەناسی بوو .

وەمن جاریێ لەم تەمەنەدام .

هەروەکو دەڵێن مانگی هەنگوینم بەسەر برد . وە جێگیر بووم لە ماڵە جوانەکەم لە ئەمریکا .

چەند ڕۆژێکی جوان بەسەر چوو زۆربەی ناوچەکانی ئەمریکام بینی هاوسەرەکەم سوور بوو لەسەر ئەوەی هەموو شت ببینم تا ڕۆشنبیریم هەبێت دەربارەی هەموو شت بەڵام ڕۆژگاری خاوێنی زۆری نەخایاند ئێمە بە گوێرەی بۆچونی ئێستام لە قۆناغی عەقڵی منداڵیدا بووین .

جووڵەی هەڵچون و داچون دەستی پێ کرد لەژیانماندا ..

ئێمە کەمتەرخەم بووین لە هەموو شتێکدا تەنانەت لە نوێژەکانیشدا.. تەنها شتێك كە سوور بووین لەسەری بریتی بوو لەوەی کە ڕۆشنبیریمان هەبێت لەسەر هەمووشتێك.. وە لەبەر درێژ بوونەوەی ماوەی جیاوازی نێوانمان.. زۆربەی کاتەکانی لە دەرەوە بەسەر دەبرد.. بە تایبەتی لە شەودا .. لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا هیچ منداڵمان پێ نەبەخشرا.. وە لەوانەیە ئەمە یارمەتی دەرێك بووبێت لەسەر فراوان بوونی ناکۆکی و جیاوازی لە نێوانماندا .. هەندێ جار دەگەیشتینە لێواری کۆتایی ژیانی هاوسەرێتیمان..

ئەم حاڵەتە بەردەوام بوو.. کاتێك گەڕاینەوە بۆ سەردانی نیشتیمان کەسوکارم هەستیان بە لاوازی و بێزاریم کرد .. منیش بڕیارم دا بە ڕاشکاوی هەموو شتێك بە دایکم بڵێم.. ئەویش هەستا بە باس کردنی بە شێوەیەکی تەواو بۆ باوکم.. باوکم جیامی کردەوە.. زۆر پرسیاری ووردکاری لێم کرد هەمووی دەسوڕایەوە لە دەربارەی هاوسەرەکەم و هەڵسوکەوتی لە گەڵمدا..

لە کۆتاییشدا پرسیاری کرد لەسەر چەندێتی دامەزرانی لەسەر دین ..

پاش ماوەیەك مۆڵەت کە باوکم پێی دام بۆ بیرکردنەوە داوای جیابوونەوەم کرد (تەڵاق) ..

من وا چاوەڕوان بووم کە ئەم کارە ئاسان بێت.. بە تایبەتی ئێمە چەند جارێك لە ئەمریکا لەسەر تەلاق ڕێککەوتبووین .. بەڵام هاوسەرەکەم جیا بوونەوەی ڕەت کردەوە تەنها بە چەند مەرجێك نەبێت .

لە هەمووی سادەتر .. گەڕانەوەی هەموو مارەیی‌یەکە .. لە پاش هێنان و بردنی زۆر.. ڕۆژگاری بێزاری تەواو بوو ..

ئەوەی زیاتر ڕقمی لێی زیاد کرد داواکاریی‌یەکانی بوو لە کاتی جیا بوونەوە.. لەگەڵ ئەوەی من پاڵپشتی بووم لە خوێندنەکەی.. وە بڕێك پارەشم دابوو پێی کە خۆم پێم بوو.. نەك هەر ئەوەیش بەڵکو هەر سێ ساڵەکە موچەی تەواوم بە دەست ئەو بوو .. بە هەرحاڵ ئەوەی ویستی پێی درا .. ئەوەیش من دەمویست پێم درا ..

گەڕامەوە بۆ ژیانی کۆنم .. ئەوەی بە سەرمدا تێپەڕی وەکو خەوێك وابوو.. یاخود کابوسێکی[1] بێزار کەر بوو .

- لەگەڵ سەرەتای ساڵی خوێندنی زانکۆ.. بڕوانامە ومعامەلاتە کۆنەکانم کۆکردەوە .. پێشکەشم کرد بە زانکۆ ..

وە خۆشحاڵی خۆمم دەربڕی بۆ چونە زمانی ئینگلیزی ..ئەوەیش لەبەر ئەوەی ئەو چەند ساڵەی لە وڵاتی غەریبی بەسەرم برد باش فێری زمانەکەی ببووم ..بەڵام خوا ویستی لێ بوو گەیشتم بە یەکێك لە هاوڕێیانی قۆناغی دوا ناوەندیم ..

---

([1]) ئەوەی کە مرۆڤ لە خەودا دەی بینێت و بێزاری دەکات و خەریکە بیخنکێنێت .

لـەپاش سـەلامێکی گـەرم.. وپرسـیارکردنێکی درێـژ.. پـێم ڕاگەیانـد کـەمن بڕوانامـەم هەڵگرتووە بۆ چونە بەشی زمانی ئینگلیزی.. هاوڕێکەیشم تەنها یەك ساڵی ماوە تەواوی بکات و دەرچێت ..وە لە بەشی خوێندنی ئیسلامی دەخوێنێت..

لە ئەنجامی ئەو ڕاوەستانە کەمەی کە پێکەوە ڕاوەستاین توانی ڕازیم بکـات کـە بچمە بەشی خوێندنی ئیسلامی .. لەوێ هەروەکو چۆن ئەو زانیارییانـەی باسـکرد کـە سـودی لێ دەبینم.. هەروەها دەتوانیت هەموو قوتابیـانی بەشـەکە بناسـیت بـە هـۆی ناسـینی منەوە .. وە لەوێ چالاکی زۆری دەرەکـی هەیـە کـە ڕازیـت بکـات.. لـە کـۆڕو دەرس و وانە.. ئەم بەشە دەرەکی‌یە گەڕاندمێوە بۆ قۆناغی منداڵی چونکە مـن ئـەم چـالاکیانەم زۆر پێ خۆش بوو.. وە پشتم بە خودا بەست هەروەکو چۆن هاوڕێکەم پێی ووتم .. دوو دڵ مەبە ..

بە خێرایی‌ەکی زۆر گەورە کـە چـاوەڕوانم نـەدەکرد.. بـووم بـە ئەنـدامێکی چـالاکی ئـەم بەشە.. وام لێ هات بەشداری ئامادەکردن و ڕێکخستنی کۆڕەکـانم دەکـرد ... هـەروەها ئەو کۆمەڵەی کەمنیان لەگەڵدا بووم قسەی خۆش و گاڵتە زاڵ بوو بـە سـەریاندا .. کـە من بۆ ماوەی سێ ساڵ بزرم کرد بوو .

تەندروستیم باش بـوو .. ژیـانی خـۆش گەڕایـەوە پـێش چـاوەکانم .. هـەروەکو بـە لای دایکمەوە خۆش بوو کە بەم شێوەیە بمبینێت٭

- وەکو چۆن دەووترێت کاتی بە تاڵم نی‌یە.. یـان ئـەوەتا توێژینەوەیـەك ئامـادە دەکەم.. یاخود بە خوێندنی خۆمدا دەچمەوە.. هەندێ جاریش هەڵدەسـتم بـە

خۆ ئامادە کردن بۆ ووتنەوەی وانەیەك بەسەر هاوڕێکانمدا بۆ ماوەی دە خولەك .

وام لێ هات بووم بە خاوەنی کۆششێکی زۆر گەورە و بڕوا بە خۆبوون و سوربوونێکی ڕاست .. ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژیم وای لێ کردم کە فەرزەکان لە بیر نەکەم .. هەر بەمەیشەوە نەوەستام بەڵکو وام لێهات سوننەتەکانم جێ بەجێ دەکرد لە نوێژ و ڕۆژوو .. سوپاسی خوای گەورەم کرد کە چونە ئەم بەشەی بۆ ئاسان کردم .. چونکە هاوەڵی چاکی لێ بوو..

لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوڕێکانم .. بڕیارم دا کە قورئان لەبەر بکەین.. ئەم بڕیارە سەبارەت بە من مانای وایە من ڕووم کردۆتە قۆناغێکی نوێ.. دەستمان کرد بە لەبەر کردنی قورئان .. لە سەرەتادا لەوە دەترسام کە بەردەوام نەبم .. بەڵام خوای گەورە بەردەوام بوونی بۆ ئاسان کردم و یارمەتی دام لەسەر لەبەر کردنی قورئان بەبێ نارەحەتی ..

هەروەها دەستم کرد بە گەڕانەوە بۆ ئەوەی لە دەستم چووە بۆیە بڕیارم دا جەخت بکەم لەسەر پەرتوکەکانی بیروباوەڕ وفیقهـ ..

سبحان الله کاتێك گەشتم کرد بۆ ئەمریکا وام دەزانی لە بەرزترین لووتکەی بەختەوەریدام .. بەڵام زانیم دوورکەوتنەوە لە خوای گەورە بەختەوەری تێدا نییە بە ڕەهایی .. هەرچەندە بەڕووکەشی شێوەی بەختەوەری دیارە..

چالاکی‌یەکانم گەیشتە ماڵەوەمان.. خوشکەکەم دەستی کرد بە قورئان لەبەر کردن لە گەڵمدا ..بەشێك لە کاتەکەمم تەرخان کرد تا ئەوەی سوود بە دایکم دەگەیەنێت بۆی بخوێنمەوە.. بە تایبەتی ئەو حوکمانەی تایبەتن بە ئافرەتانەوە ..

سوپاس بۆ خوا کاسێتی دینی جۆراو جۆر زیادی کرد لە ماڵماندا .. ناچم بۆ سەردانی هیچ کەسێك ئیللا دەبێت کۆمەڵێك کاسێتم پێ بێت لەسەر شێوەی دیاری .. هیچ بۆنەو کاتێکم بەسەر نەبردووە بە بێ سوود..

ژیانم تەواو گۆڕا .. تەماشای دونیا دەکەم بە تێڕوانینێکی تر .. کە شوێنی تێپەڕ بوونە نەك شوێنی مانەوە ..

هیچ شتێك ڕوناکی و پاکی ژیانمی لێڵ نەکرد تەنها ئەوە نەبێت کە هاوسەرە کۆنەکەم لە ئەمریکا گەڕایەوە پاش ئەوەی خوێندنی تەواو کرد.. وە دایکی سەردانی کردین وداوای لێبوردن و بیرچوونی ڕابردوو و گەڕانەوەی بۆ لای هاوسەرە کۆنەکەم لێ کردم..

منیش سەریم ماچ کردوو ووتم هەموو ڕابردووم لە بیر کردووە.. وە لێی بووراوم بە هیوای ئەوەی خوا لێم ببورێت ..

بەڵام داواکاری گەڕانەوەم ڕەت کردەوە و خوا حافیزیم لێکرد وە لە بیرم نەکرد کە هەندێ دیاری بۆ بنێرم.. کە بریتی بوو لە کۆمەڵێك کاسێت و نامیلکە کە هانی مرۆڤ دەدەن لەسەر تۆبە کردن و لێپرسینەوە و گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە..

جگە لەوەی باسم کرد هیچ کاتم نییە جگە لە خۆیەکلا کردنەوەی تەواو بۆ خوێندنەکەم..

لە یادم کرد بۆتانی باس بکەم کە زۆر کەس هاتنە داخوازیم .. لە هەموویان گرنگتر بەلای منەوە برای یەکێك لە هاوڕێکانم بوو .. منیش ڕەتم کردەوە وە پێم ڕاگەیاند کە من پەیمانم بە خوا داوە کە شوو نەکەم تا هەموو قورئان بە تەواوی لەبەر دەکەم .. هەولّی دا ڕازیم بکات .. بەڵام پێم ووت ئەم ساڵ ساڵی کۆتایی خوێندنمانە لە زانکۆ .. هەروەها ساڵی کۆتایی‌یە بۆ لەبەر کردنی قورئان .. ئەویش بێ دەنگ بوو وەڵامی نەدامەوە .. پاش ساڵێکی خوێندنی تەواو ..خوێندنی زانکۆم تەواو کرد.. بە نیازی دامەزراندنی زانکۆ بووم بە (معیدە) لە زانکۆ .. بەڵام خوا ویستی لە جگە لەمە بوو ..

دامەزرام لە خوێندنگەیەکی نزیك لە ماڵی خۆمان .. وە چالاکی‌یە دەرەکی‌یەکانم بەردەوام بوو .. وە خشتەیەکم بۆ وانە ووتنەوەی خوێندکاران دانا کە ئامادەیان دەکرد.. هەروەها لێرەش چالاکی لەبەر کردنی قورئانم دانا ..

ئیش وکار لە خوێندنگەدا بە شێوەیەکی دلّخۆش دەڕۆیشت بەڕێوە.. وەکو یەك خێزان وا بووین .

- لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا هاوڕێکەم سەردانی کردم و پێی ڕاگەیاندم کە من بەلّێنم پێدا بوو کە شوو بە براکەی بکەم لە پاش لەبەر کردنی قورئان .. ئێستا هیچ بیانوویەکت نی‌یە.. منیش ڕازی بووم.. هەموو شتێك لەسەر سوننەت تەواو بوو ..نە زیادە مەسرەفی .. نە ئاهەنگ گێڕان ..

باشترین پیاو بوو .. ڕەوشت .. نوێژ . شەو نوێژ .. . پرسیارم لێ مەکەن کە چۆن لە گەڵیدا دەژیام ..

هەر وەکو بڵێی یەکێك لە ئێمە چاوەڕێی ئەوی ترمانە بە درێژایی ئەم ساڵانە.. پێی ووتم ئەوەی کە وای لێ کردووە سوور بێت لەسەر داخوازیم: بریتی بووە لە سوور بوونم لەسەر قورئان لەبەر کردن .. سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە حاڵەتەکان دەگۆڕێت لە ئەمریکا.. و ڕۆشنبیری هەموو شتێك ..

بۆ لەبەر کردنی قورئان .. سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە ڕەحمەت و بەزەییەکەی پێم گەیشت پێش لەناو چونم .

# ئاگادار کردنەوە .

قۆناغی خوێندنی یەکەمم لەگەڵ دایك و باوکمدا بەسەر برد..

لە ژینگەیەکی باشدا کەگوێم لەپاڕانەوەی دایکم دەبوو کاتێك کەمن کۆتایی شەو لەشەونخونی دەگەڕامەوە ..

وە دەنگی باوکم دەبیست لە نوێژە درێژەکانیدا.. کە زۆر سەرسام بووم لە درێژی ڕاوەستانیدا.. بە تایبەتی کاتێك خەوتن خۆش دەبوو لەزستانی ساردا..

سەرسام دەبووم ولەدڵی خۆمدا دەمووت.. چەند بە ئارامە.. هەموو ڕۆژێك ئەمە دووبارە دەبێتەوە.. شتێکی سەرسوڕهێنەرە .

نەم دەزانی کە ئەمە پشووی باوەڕدارانە و ئەمە نوێژی پیاو چاکانە.. لەجێگاکانیاندا هەڵدەستن وپەلە دەکەن وگورج وگۆڵ دەبن لەقسەکردن لەگەڵ خوای گەورەدا..

لە پاش ئەو قۆناغەی کە بڕیم لە خوێندنی سەربازیدا.. ئەوا گەورە بوومە و دوور کەوتنەوەیشم لە خوای گەورە لەگەڵمدا گەورە بووە..

لەگەڵ هەموو ئەو ئامۆژگاریانەی کەدەمبیست وناوبەناو بەگوێمدا دەدرا..

لەپاش خوێندنەکەم دامەزرام لە شارێکی جگە لە شارەکەی خۆم وماوەیەکی زۆر دوور بوو لە شارەکەی خۆم.. بەڵام ناسینی پێشترم بۆ هاوڕێکانم لەئیش کردندا غەریبایەتی لەسەرم کەم کردەوە..

دەنگی قورئان خوێندن لەگوێم بچڕا.. دەنگی دایکشم بچڕا کەهەڵمی دەساند بۆ نوێژ وهانی دەدام لە سەری ..

وام لێهات کە بە تەنها دەژیام.. دوور لە ئاوو هەوای خێزانی کەپێشتر تێیدا دەژیام ..

دانرام بەچاودێری ڕێگاخێراکان ودەورووبەری شار بۆ پارێزگاری کردن لە هێمنی وئاسایش وچاودێری کردنی ڕێگاکان و یارمەتی دانی لێقەوماوان.. ئیشەکەم تازەکەرەوە بوو، وە بەدڵ ئاسودەییەوە دەژیام ..

ئیشەکەیشم بەڕێك وپێکی ودڵسۆزیەوە جێ بەجێ دەکرد.. بەڵام لەقۆناغێکی ناجێگیردا دەژیام.. دوو دڵی وپەشۆکاوی ڕووی تێ کردم لە هەموولایەکەوە.. لەبەر زۆری کاتی بەتاڵ وکەمی زانیاریم .

وام لێهات هەستم بە بێزاری دەکرد.. کەسم دەست نەکەوت کە یارمەتی دەرم بێت لەسەر دینەکەم.. بەڵکو پێچەوانەکەی ڕاست بوو ..

لە ژیانی ئیش کردنمدا ڕۆژانە ڕووداو وبریندابووانمان دەبینی.. بەڵام ئەمە ڕۆژێکی جیاواز بوو..

لەکاتی ئیش کردنماندا من وهاوڕێیەکم ڕاوەستا بووین لەسەر لایەکی ڕێگاکە وقسەمان دەکرد ..

لە ناکاو دەنگی بە یەکدادانێکی بەهێزمان بیست . .

چاومان گێڕا.. بینیمان ئۆتۆمبیلێکە لە سەیارەیەکی تری داوە کە لەلای بەرامبەرییەوە هاتبوو.. بەپەلە بەرەو شوێنی ڕووداوەکە ڕۆیشتین بۆ ڕزگار کردنی لێقەوماوان .

ڕووداوێك بوو باس نەدەکرا.. دوو کەس بوون لەناو سەیارەیەکەدا حاڵیان زۆر ترسناك بوو.. دەریانمان کرد لە سەیارەکە..ودرێژیانمان کرد..

پەلەمان کرد بۆ دەرکردنی خاوەنی سەیارەی دووەم.. بینیمان گیانی لە دەست داوە و مردووە.. گەڕاینەوە بۆ لای دوو کەسەکە ئەوانیش لەسەرە مەرگدا بوون.. هاوڕێکەم پەلەی کرد لە وتنەوەی شایەتمان پێیان..

پێیانی دەووت بڵێن: لا اله الا الله .... لا اله الا الله ... بەڵام دەنگیان بەرز بووەوە بە گۆرانی ووتن.. هەڵوێستەکە زۆر ترساندمی.. بەڵام هاوڕێکەم بە پێچەوانەی منەوە بوو چونکە حاڵەتەکانی مردنی دەزانی.. دەستی کردەوە بە دووبارە ووتنەوەی شایەتمان پێیان ..

منیش بێ دەنگ ڕاوەستا بووم.. ڕاوەستاوم نەدەجووڵاند چاوم بەرز کردبووەوە و تەماشام دەکرد .. لە ژیانمدا هەڵوێستێکی وەك ئەمەم نەبینی بوو .. بەڵکو بڵێ مردنیشم پێش ئەمە نەبینی بوو بەم شێوەیە.. هاوڕێکەیشم شایەتمان هێنانی لێیان دووبارە دەکردەوە.. ئەوانش بەردەوام بوون لە گۆرانی ووتندا..

بێ سود بوو..

دەنگی گۆرانی‌یەکە ووردە ووردە نزم تر دەبوەوە.. یەکەمیان بێ‌دەنگ بوو دووهەمیش بە دوایدا.. جوڵەی نەما..

دونیایان بە جێ هێشت ..

هەڵیانمان گرت بۆ ناو ئۆتۆمبێلەکە.. و هاوڕێکەیشم سەری داخستبوو بێ دەنگ بوو بە لێویش قسەی نەدەکرد.. ماوەیەك ڕۆیشتین بێ دەنگی زاڵ بوو.. ئەم بێ دەنگی‌یە ماوەیەکی بڕی ودەنگی هاوڕێکەیشم ئەم بێ دەنگی‌یەی بڕی وباسی حاڵەتی مردن وخراپی کۆتایی کرد.. وە مرۆڤ کۆتایی دێت یان بە چاکە یان بەخراپە.. وەئەم کۆتایی‌یەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ کردوویەتی لە دونیادا بە زۆری. وە باسی ڕووداو وبەسەرهاتی زۆری بۆ کردم کە لە پەرتوکە ئیسلامی‌یەکاندا باس کراون.. کە چۆن مرۆڤ کۆتایی دێت لەسەر ئەو شتەی کە لەسەرێتی بە گوێرەی ئاشکرا و نهێنی-یەکەی. .

ڕێگاکەمان بڕی بۆ نەخۆشخانە بەقسەکردن لەسەر مردن و مردووان..

وە شێوازەکە زیاتر تەواوتر بوو کە بیرم دەکردەوە کە ئێمە مردوومان هەڵگرتووە لە تەنیشتمان ..

زۆر ترسام لەمردن وپەندم وەرگرت لە ڕووداوەکە.. وە ئەو ڕۆژە نوێژێکی بەدڵم کرد ..

بەڵام ووردە ووردە ئەم بەسەرهاتەم لە بیرکرد.. دەگەڕامەوە بۆلای ئەوەی کەپێشتر لەسەری بووم ..

وەکو بلێی ئەو دوو پیاوەم نەبینیبێت و ئەوەی بەسەریاندا ڕوویدا.. بەڵام لەڕاستیدا وام لێهات کە حەزم لە گۆڕانی ناکرد.. وە سوور نابووم لەسەری وەکو پێشترم.. وە لەوانەیە ئەوە پەیوەندی هەبێت بە بیستنی گۆڕانی ئەو دوو پیاوە لەحاڵەتی سەرەمەرگیاندا ..

- لەشتە سەرسوڕهێنەرەکانی ڕۆژگار..

لەپاش ماوەی زیاتر لە شەش مانگ.. ڕووداوێکی سەیر ڕووی دا.. یەکێك بەئۆتۆمبێلەکەی ڕۆیشتنێکی ئاسایی دەڕۆیشت.. لەیەکێك لەو تۆنێلانەی کەبەرەو شار دەڕوات.. ئۆتۆمبێلەکەی لەکار کەوت..

دابەزی لە ئۆتۆمبێلەکەی.. بۆ چاککردنی لەکار کەوتنەکە لە یەکێك لە تایەکانی.. کاتێك لە پشتی ئۆتۆمبێلەکەی ڕاوەستا.. بۆ ئەوەی تایە ساغەکە دەربکات..

ئۆتۆمبێلێك بەخێرایی هات.. لەپشتەوە لێی دا.. کەوت و ئازارێکی زۆری بوو..

من وهاوڕێیەکی ترم ئامادە بووین.. لەگەڵ خۆمان هەڵمان گرت بۆ ناو ئۆتۆمبێلەکە و تەلەفونمان کرد بۆ نەخۆشخانە بۆ پێشوازی کردنی..

گەنجێکە لەسەرەتای لاویدایە.. دینداری بە شێوەیەوە دیارە..

کاتێك هەڵمان گرت بیستمان دەنگە دەنگی لێوە دێت.. وە لەبەر پەلەیی وخێرایی هەڵگرتنی نەمان زانی کە چی دەڵێت.

بەڵام کاتێك کە لەناو ئۆتۆمبیلەکە دامان ناو ڕۆیشتین.. دەنگیمان بیست وزانیمان کەقورئان دەخوێنێت.. وە بە دەنگێکی ناسك.. سبحان الله دەڵێی ئەو نییە بریندارە ...

خوێن جلەکانی داپۆشیوە.. ئێسقانەکانی شکاوە.. بەڵکو واپێوەی دیارە کە لەسەرە مەرگدایە ..

- بەردەوام بوو لەقورئان خوێندن وبە دەنگێکی جوان بە تەرتیل قورئانی دەخوێند ..

لە ژیانمدا وەکو ئەوخوێندنەم نەبیستبوو.. لە دڵی خۆمدا دەمووت ئێستا شایەتمانی پێ دەڵێم هەروەکو هاوڕێی یەکەمم کردی.. بەتایبەتی من شارەزایی پێشترم هەیە هەروەکو چۆن بانگەشەی دەکەم ...

من وهاوڕێکەم بێ دەنگ بووین بۆ ئەو دەنگە ناسك و خۆشە ..

هەستم کرد تەزوویەك هاتە لەشم.. و نێوان پەراسووەکانم..

لەناکاو.. دەنگەکە نەما.. ئاوڕم دایەوە بۆ دوواوە.. دەبینم پەنجەی شایەتمانی بەرز کردۆتەوە شایەتمان دەهێنێت ..

پاشان سەری شۆڕ کردەوە ..

خۆم هەڵدایە دواوە ..

دەستیم گرت..

دڵی.

هەناسەکانی.

هیچی نەما..

ژیانی بەجێ هێشت .

زۆر تەماشایم کرد.. فرمێسکێك بەربووە لەچاوم.. شاردمەوە لە هاوڕێکەم.. ئاوڕم دایەوە بۆلای وپێم ووت کە پیاوەکە مرد.. هاوڕێکەم دەستی کرد بە گریان.. بەڵام من ئاگام لەخۆم نەما و فرمێسکەکانم ڕانەدەوەستان..

شێوازمان لە ناو ئوتومبیلەکە زۆر کاریگەر بوو. گەیشتینە نەخۆشخانە ..

دەگەیشتینە هەر کەسێك بەسەرهاتەکەمان بۆ دەگێڕانەوە.. کاریگەری کردە سەر زۆر کەس و دەستیان بەگریان دەکرد.. یەکێکیان کاتێك بەسەر هاتەکەی بیست ڕۆیشت ناوچەوانی ماچ کرد..

خەڵکی هەموو سوور بوون لەسەر ئەوەی کە نەڕۆن هەتا نەزانن کەی نوێژی لەسەر دەکرێت تا نوێژی لەسەر بکەن ..

یەکێك لە فەرمان بەرانی نەخۆشخانەکە پەیوەندی بە ماڵی مردووەکەوە کرد.. براکەی قسەی کرد.. دەربارەی ووتی: هەموو ڕۆژانی دووشەممەیەك دەچوو بۆ سەردانی تاقە نەنکەکەی لە گوند .. وەسەردانی بێوەژن و هەتیوو هەژارانی دەکرد ..

ئەو گوندە هەموو دەیان ناسی ئەمیش پەرتووك و كاسێتی دینی بۆ دەبردن.. وە كاتێك دەڕۆیشت بۆ لایان ئۆتۆمبێلەكەی پڕ بوو لە برنج و شەكر ودابەشی دەكرد بەسەر هەژاران و نەداراندا .. تەنانەت شیرینی مندالآنی لەبیر نەدەكرد تا دلّیانی پێ خۆش بكات.. وە وەلآمی ئەو كەسانەی دەدایەوە كەپێیان دەووت مەڕۆ ڕێگاكە دوورە بەوەی كە دەیووت من سوود لە درێژی ڕێگاكە دەبینم بۆ لەبەركردنی قورئان وپێدا چوونەوەی.. وگوێ گرتن لەكاسێت و ووتاری دینی.. وە من هەموو هەنگاوێك كە دەینێم بە پاداشتی دەزانم و داوای پاداشت لەخوای گەورە دەكەم ..

بۆ سبەینێ.. مزگەوتەكە پڕ بوو لە نوێژكەر و جێگا نەما بوو .. لەگەلّ خەلّكێكی زۆردا نوێژم لە سەری كرد.. وە كاتێك لە نوێژ تەواو بووین هەلّمان گرت بۆ گۆڕستان ..

كردمانە ناو ئەو چالّە تەنگەوە ..

*ڕووی بكەنە قیبلە ...

**بسم الله وعلى ملة رسول الله** ..

دەستمان كرد بە خۆلّ كردن بەسەر گۆڕەكەیدا ..

داوای دامەزراوی بۆ براكەتان بكەن چونكە ئێستا پرسیاری لێ دەكرێت..

پێشوازی كرد لە یەكەم ڕۆژی ئەو دونیا.. منیش پێشوازیم كرد لە یەكەم ڕۆژی ئەم دونیا ..

تۆبەم کرد وپەشیمان بوومەوە لەکردەوەکانی ڕابردووم بەڵکو خوای گەورە لێم خۆش بێت لەوەی کە ڕوویداوە وە دامەزراوم بکات لەسەر گوێڕایەڵی کردنی وە کۆتایم بەخێر وچاکە بهێنێت.. وە قەبری من و هەموو موسڵمانێك بکات بە باغێك لە باغەکانی بەهەشت ..

# گەڕانەوە

کەوتە سەر زەوی و بێ هۆش کەوت .. ئەمەجاری یەکەم نییە.. بەڵکو دەناڵێنێت بەدەست تەنگی ماندو بوونی نەفسی بەردەوامەوە لەو ڕۆژەوەی کە شووی کردووە پێش دوو ساڵ ..

پێیان ڕاگەیاندبوو کە پیاوێکی باشە.. و خێر وچاکەی تێدایە .. تۆیش دەتوانیت کاریگەریت هەبێت بە سەرێوە بۆ جێ بەجێ کردنی فەرمایشتی دینەکەی.. وە بۆ پارێزگاری کردن لەسەر نوێژەکانی بە کۆمەڵ ..

تۆیش کچی خۆم .. خوشکە بچوکەکەت پێش خۆت شووی کرد.. وە من وا دەزانم ئەمە بۆ تۆ باشترە.. دایکم سوور بوو لەسەر ئەم داخوازی کارە.. حاڵی باشەو لە خێزانێکی بەناوبانگە ..شوێنی فەرمانبەریشی باشە .. منیش شێوازی ڕەونەق بە لامەوە گرنگ نییە ...

پرسیاری دینەکەیم کرد .. ئەمە گرنگ بوو بەلامەوە ..پیاوێکی چاکم دەوێت تا یارمەتیم بدات لەسەر چاکە و گوێڕایەڵی .. ئەگەر خۆشمی بوویت ڕێزم لێ دەگرێت .. وە ئەگەر خۆشمی نەویت ئەوا بەشێوەیەکی باش وازم لێ دێنێ .. چەند ئەو ڕووداوە گرێنەرانە زۆر دەبیستین لە ستەمی مێردان و کێشە و ناکۆکیان لەگەڵ ژنەکانیاندا .. لەبەر کەم ڕەوشتی وکەم دینی ..

من خەوم بە کەسێکەوە دەبینی کە هەڵم بسێنێت بۆ نوێژ کردن لە ناو شەودا ..

من لە تاریکی شەودا لە خوا دەپاڕامەوە و فرمێسك بە چاوانمدا دەهاتە خوارەوە کە خوا پیاوێکم پێ ببەخشێت کە یارمەتیم بدات لەسەر گوێڕایەڵی.. وە لە گەڵیدا بژیم لەسەر ڕەزامەندی خوای گەورە ..

بە یەکەوە بەرەو لای خوای گەورە بچین .. و شوێنی شوێنەواری پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵە بەڕێزەکانی رضي الله عنهم بکەوین ...

من خەوم دەبینی بە پیاوێکەوە کە منداڵەکانم پەروەردە بکات پەروەردەیەکی ئیسلامی ڕاست .

وەکو بڵێی من ڕادەوەستم لە لای دەرگاکە وچاوەڕێی ئەو وکوڕەم بکەم کە بچن بۆ مزگەوت ..

لە خوا دەپاڕامەوە کە دەنگی مێردەکەم دووبارە ببوایەتەوە لە گوێم:.. ئەمڕۆ چەندت لە قورئان لەبەر کردووە؟ وە چەند (جزء) ت خوێندۆتەوە؟ خەوم دەبینی بەوەی کە بە منداڵەکەمەوە لە پێش کەعبە ڕابوەستم و دوعای بۆ بکەم .. مادام پاداشتی تێدایە زۆرترین ژمارەی منداڵ دەخەمەوە..

وەمن کەسانێك دێنمە دونیاوە کە خوا بە تاك بپەرستن ..چەند خەو و خەیاڵی زۆرم بینی .. وە زۆر خۆم دڵ خۆش دەکرد بەم خەونانە.. الحمد لله علی کل حال ..

چاوەڕوانی پاداشت بووم لە خوا و ئارامم گرت لەسەر هاوسەرەکەم.. لەسەرەتا هەڵدەستا بۆ نوێژ .. بەڵام لەگەڵ ڕۆیشتنی ڕۆژگاردا تەمەڵ بوو..

چیت دەوێت.. خوا لێخۆشبوو بە بەزەیی‌یە .. پاشان نوێژ دەکەم ..

هێشتا زووە .. ئەمانە وەڵامی خێرای بوو کاتێك هانم دەدا لەسەر نوێژ کردنی بەکۆمەڵ هاتە لە دەستی نەچێت ..

هەست دەکەم لەگەڵ سوور بوونی من باشتر دەبێت .. بەلای کەمەوە بەم شتە گەشبین بووم .. من لە هاوڕێی خراپ دەترسام خۆی باسی هەندێکیانی بۆ کرد بووم ..

لەوە دەترسام کاریگەرییان هەبێت لە سەری .. بیرم کردەوە لە ڕێگایەك زیاتر سوودی پێ بگەیەنێت لە ئامۆژگاری کردنی من بۆی .. بۆچی بە گەنجانی چاکی نەناسێنم لەوانەیە کاریگەری‌یان هەبێت لەسەری .. مێردی هاوڕێکەم گەنجێکی باشە و پەیوەستە و صاڵحە إن شاء الله .. خێرا تەلەفونم بۆ کرد .. هاوڕێکەم خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و هانی هاوسەرەکەی دا ..

منیش پێم ڕاگەیاند هاوڕێکەم دێت بۆ سەردانمان لەگەڵ مێردەکەی .. لە پاش هەفتەیەك هاوڕێکەم سەردانی کردین لەگەڵ مێردەکەیدا ..

دڵم دەلەرزی لە خۆشیدا .. بەڵکو خوای گەورە خۆشەویستی بخاتە دڵی‌یەوە .. هەر چەندێك کاتی سەردان درێژەی بکێشایە دڵی من لێدانی زیادی دەکرد ..

- لە لای دەرگاکە خوا حافیزیم لە هاوڕێکەم کرد .. بە پەلە گەڕامەوە بۆ لای . دانیشتم پاڵە پەستۆم خستە سەر پەنجەکانم بە توندی .. چاوەڕێی بووم شتێك بڵێت .. نواڕیمە چاوەکانی .. ووتی نەرم و نیان و ڕەوشت بەرز بوو.. بەڵام خۆشحاڵی دەرنەبڕی بۆ پێگەیشتن و چوون بۆ لایان هەروەکو چۆن پەیمانی دابوو بە سەردانی کردنیان ..

بە جۆرەها هەوڵ و ڕێگا هەوڵم لە گەڵیدا دەدا .. کە یارمەتی بدەم لـە سـەر پارێزگاری کردن لەسەر نوێژەکانی لە مزگەوتدا ..

ئێستا سوور بوون وهاندانم بۆی زیاتر بووە لە پاش ئـەوەی کـە منـداڵێکم لێـی بـووە .. شـەوانی درێـژ شـەونخونی دەکـەم بـە تـەنها .. ئـەویش قاقـایی پێکـەنینێتی لەگـەڵ هاوڕێکانیدا ومنیش دەگریم لەگەڵ منداڵەکەم .. زۆر دوعای هیدایەتم بـۆ کـرد .. بڕیـارم دا لە ژوورەکەی خۆم شەو نوێـژ بکـەم لـە تەنیشـتیـیەوە بـەڵکو دڵـی بـە ئاگا بێـت .. هەندێ جار هەڵدەساو دەیبینی کە نوێژ دەکەم .. بە ڕۆژیش هەستم دەکرد نوێژەکەم و درێژیەکەی کاریگەری هەبووە بەسەریەوە..

ئێوارەی ئەو ڕۆژە پێی ڕاگەیاندم کە جل و بەرگەکەی بۆ ئامادە بکەم.. گەشت دەکـات .. بۆ فلانە شوێن بۆ کار کردن .. ڕاستی لە ناڕاستی جیا ناکەمەوە .. زۆر جـار گەشـت دەکات و تەلەفونمان بۆ ناکات .. هەندێ جاریش تەلەفونمان بۆ دەکـات وژمـارەی ژوور و تەلەفونەکەی بە جێ دێلێت.. ئەگەر تـەلـەفون بکـات دەزانم لـە کـوێـیـە .. بـەڵام زۆر جاریش نازانم بۆ کوێ دەڕوات .. بەڵام گومانی باش بە موسڵمان دەبەم إن شاء الله ..

وە لە ماوەی گەشتەکەیدا بە تایبەتی دوعای بۆ دەکەم .. بۆ ڕۆژی دواتر لە گەشتەکەی پەیوەندی پێوە کردین .. ئەمە ژمارەی تەلەفۆنەکەمە.. سوپاس بۆ خوا دڵنیا بووم کـە لە میرنیشینە (المملكة السعودية) .. سێ ڕۆژ دەنگی نەما .. لە ڕۆژی چوارەمدا ..دەنگـی پەیدا بووە .. و نزیك بوو نەیناسمەوە .. دەنگێکـی خەفـەت بـار .. چـیتە؟ إن شـاء الله ئەم شەو دەگەڕێمەوە .. لەو شەوەدا لەبەر زۆری گریانی نەنوستم .. چی ڕووی داوە بە

سەرتا .. دەستی کرد بە گریان وەکو منداڵ .. پاشان منیش لە گەڵیدا دەستم بە گریان کرد ونەیشم دەزانی چییەتی .. لە پاش ماوەیەکی درێژی بێ دەنگی تەماشای دەکردم .. فرمێسکیش لە چاوەکانی دەهاتە خوارەوە.. دوا دڵۆپە فرمێسکی سڕی و ووتی: سبحان الله هاورێکەم لە کارکردندا ..

- بەیەکەوە گەشتمان کرد بۆ جێ بەجێ کردنی هەندێ ئیش و کار .. لە دوو ژووری تەنیشت یەك دەنووستین .. تەنها یەك دیوار لێکی جیا دەکردینەوە .. ئەو ئێوارەیە نانمان خوارد .. لەسەر سفرە قسەمان کرد بەیەکەوە .. زۆر پێکەنین ..

پێویستمان بە نوستن نەبوو .. بە بازاڕەکانی شاردا دەگەڕاین .. بۆ ماوەی دوو کاتژمێر پێمان لە ڕۆیشتن نەبڕا ..

وە چاویشمان نەپاراست لە حەرام .. پاشان هاتینەوە و لێك جیا بووینەوە بە هیوای گەڕانەوە لە سبەینێ بۆ ئیش کردن و کۆتایی هێنانی ..

نوستنێکی باش نوستم .. لە کاتژمێر حەوت ونیو نوێژی بەیانیم کرد .. تەلەفونم بۆی کرد تا لە خەوی هەڵسێنم .. وەڵامی نەدامەوە .. جارێکی تر هەوڵم دایەوە .. لەوانەیە لەسەر ئاو بێت .. کوپێك شیرم خوارد .. لەوانەیە ئێستا هاتبێتەوە .. جارێکی تر تەلەفونم بۆی کرد .. کەس وەڵامی نەدامەوە ..

ئێستا کاتژمێر هەشتە و لە کاتی کار کردن دواکەوتین .. لە دەرگام دا.. کەس وەڵامی نەدامەوە .. پەیوەندیم کرد بە پرسگەی ئوتێلەکەوە لەوانەیە دەرچو بێت .. بەڵام

وەڵامیان دایەوە و ووتیان لە ژووری خۆیەتی .. چار نییە دەبێت دەرگاکە بکەینەوە تا ببینین .. وای لێهات هەڵوێستەکە ترسناك بوو .. کلیلێکی تری یەدەکی ژوورەکە بێنن.. دەرگامان کردەوە .. نووستووە .. صالح .. جارێکی تریش بانگم کرد.. دەنگم زیاتر بەرز کردەوە و لێی نزیك دەبوومەوە ..

نوستووە بەڵام زمانی خۆی گەستووە .. شێوەیشی گۆڕاوە .. بانگم کرد.. زیاتر نزیك بوومەوە .. جوڵەی نییە .. ڕاپۆرتی پزیشکی دەڵێت: لە دوێنێ شەوەوە مردووە بە دڵ وەستانی کتوپڕ ..

ئەی کوا تەندروستی .. و لەش ساغی .. و گەنجی .. دوێنێ شەو پێکەوە دەگەڕاین .. بە دەست هیچ شتێکەوە نەی نالاند .. ئازاری نەبوو .. نەخۆش نەبووە وەرگیز بە دەست نەخۆشییەوە نەی نالاندووە.. منیش بە خۆمدا چوومەوە ..

ئەمە مردنی لە ناکاوە نازانین کەی دێت .. بەڵکو بە بێ پێشەکییەکان دێت..

پرسیارم لە خۆم کرد بۆچی من نەبم لە جیاتی صالح .. بە چییەوە ڕووبەڕووی خوای گەورە ببمەوە .. کوا کردەوەم ..

چیم پێشکەش کردووە .. هیچ شتێك بە ڕەهایی .. زانیم من لە حەقی خودا کەمتەرخەمم ..

مێردەکەم بێدەنگ بوو .. گریا و منیشی گریاند .. پێکەوە گریاین سوپاسی خوای گەورەم کرد لەسەر ئەم هیدایەتە .. لە پاشاندا پێکەوە ژیاین چۆن پێشتر خەوم پێوە دەبینی یاخود زیاتر لەوە .. هەفتەی پاشتر ..

سوپاسی هەوڵ و کۆشش و سوور بوونمی کرد لەسەر هیدایەت دانی .. وە پێمی ڕاگەیاند کەوا دەچین بۆ جێ بەجێ کردنی (العمرة) وکۆتایی هەفتەکە لە مەککە دەمێنینەوە .. تا لاپەڕەیەکی نوێ دەست پێ بکەین لەگەڵ دامەزراوی .. نزیك بوو لە خۆشیدا بفڕم .. چونکە من لەو ڕۆژەوەی شووم کردووە نەچوومە بۆ مەککە ..

- لە چێشتەنگاوی ئەو ڕۆژەدا چووم بۆ (حەرەم) .. کاتی هاوینە وخەڵکی کەم لێیە وقەرەباڵغ نییە ..

ئەوەی خەوم پێوە دەبینی خوای گەورە بۆی جێ بەجێ کردم .. لە پێش کەعبە بە منداڵەکەمەوە ڕاوەستا بووم .. بەڵام نەمتوانی دوعای بۆ بکەم چونکە گریام و گریام هەتا دڵم بپچڕێت ..

بۆ سبەینێ .. ئەمڕۆ ان شاء الله سوڕانەوەی ماڵ ئاوایی(طواف الوداع) دەکەین و ئەم زەوییە پیرۆزە پاکە بەجێ دەهێڵین ..لە پاش سوڕانەوەی خواحافیزی .. لە حەرەم گەڕاینەوە بۆ خۆ ئامادە کردن بۆ گەشت .. ئەمە چییە پێت؟ ئەمە پەرتووکی (جامع العلوم والحكم) ی (ابن رجب) ە .. ئەمە پەرتووکی (زاد المعاد في هدي خير العباد) ی (ابن القيم) ە .. ئەمە پەرتووکی (الوابل الصيب) ی (ابن القيم) ە .. ئەمە پەرتووکی (الجواب الكافي لمن سأل عن الدواء الشافي) (ابن القيم) ە .. ئەمەیش قورئانی پیرۆزە بە قەبارەی بچوك .. نابێت گیرفانم بەجێ بهێڵێت ..

- ئەی خۆشەویستەکەم .. ئەمە ڕێ نیشاندەرمانە لە ڕێگاماندا بۆ ماڵی دوا ڕۆژ..

پاشان جانتاکەی هەڵگرتوو ئەم ئایەتەی دووبارە دەکردەوە:

﴿رَبِّ اجْعَلْنِي مُقِيمَ الصَّلَاةِ وَمِنْ ذُرِّيَّتِي رَبَّنَا وَتَقَبَّلْ دُعَاءِ رَبَّنَا اغْفِرْ لِي وَلِوَالِدَيَّ وَلِلْمُؤْمِنِينَ يَوْمَ يَقُومُ الْحِسَابُ﴾ [إبراهيم: ٤٠- ٤١] ..

واتە: خوایە دامەزراو وبەردەوامم بکەیت لەسەر نوێژەکانم، هەروەها نەوەکانیشم بەردەوام وجێگیر بکەیت لەسەر نوێژ کردن، هەروەها خوایە دوعا وپاڕانەوەم لێ وەرگریت وقەبوڵی بکەیت، خوایە لە خۆم ودایك وباوکم وهەموو باوەڕداران خۆش بیت لەو ڕۆژەی کە لێپرسینەوە دەکەیت لەگەڵ بەندەکانتدا•

# پاڕانەوە

زیاتر لە حەوت ساڵ دەبێت ژنم هێناوە .. سوپاس بۆ خوا ئەوەی بە ئاواتیەوە بووم – بە بۆچونی خۆم– دەستم کەوت .. من جێگیرم لە ئیش کردنم.. دامەزراوم لە ژن هێنانمدا .. تەنها بە دەستی بێزارییەوە دەناڵێنم.. من و خێزانم تا ئێستا منداڵمان پێ نەبەخشراوە لێرەوە بێزارییەکە سەری هەڵداوە و دەستی پێ کردووە.. سەردانی کردنمان بۆ پزیشکان زیادی کرد .. هەموو هەوڵ و کۆششێکم دا .. گەشتم کرد بۆ ناوەوە ودەرەوەی وڵات .. هەر کاتێك ببیستم پزیشکێکی پسپۆڕ لە بواری نەزۆکیدا هاتووە .. کاتێکی لە لا دەست نیشان دەکەم .. شیکار کردن زۆرە و چارەسەریش زۆر تر ..

- بەڵام بێ سوودە .. وای لێهاتووە زۆربەی قسەکردنی من و خێزانم لەسەر فلانە پزیشکە وچی ووت .. وچاوەڕێی چی بکەین وبۆچونمان چی بێت .. چاوەڕوان کردن بەردەوام بوو بۆ ماوەی ساڵێك یان دوو ساڵ.. قۆناغی چارەسەر کردن درێژ بوو .. هەندێك لە پزیشکەکان پێیان ڕاگەیاندم کە نەزۆکییەکە لە منەوەیە .. هەندێکی تریش دەیان ووت نەزۆکییە لە خێزانمەوەیە .. بەهەر حاڵ ....

ڕۆژگارمان دەڕۆیشت بە سەردانی کردنی پزیشك و گەڕان بە دوای چارەسەرێکدا .. وای لێهات خەیاڵ کردنی منداڵ زاڵ بوو بەسەر هەستماندا.. هەرچەندە من هەوڵم دەدا کەخێزانەکەم هەست بەمە نەکات .. بەڵام دەبوایە هەستی بکردایە بەوەی کە ڕوویدەدا .. پرسیارەکان زۆرن .. هەبوو پرسیاری لێ دەکرد چاوەڕێی چیت؟.. وەکو ئەوەی

منداڵ بوون بە دەستی خۆی بێت .. هەبوو ناوی پزیشکی پێی دەدا و ئامۆژگاری دەکرد بچێت بۆ لای لە فلانە شوێن ...

فلانە کەس چوو بۆ لای و منداڵی بوو .. وە فلانە کەسیش ..

بەم شێوازە کۆمەڵگای خێزانەکەم بەشێکی گەورەی هەبوو لە پرسیار کردن.. یەك کەس پێی نەووتین بۆ ڕوو ناکەنە خوای گەورە ولێی ناپاڕێنەوە پاڕانەوەیەکی ڕاست ..

حەوت ساڵ تێپەڕی ئێمە بەدوای پزیشکدا ڕامان دەکرد و پاڕانەوەمان واز لێ هێنا بوو.. وازمان لە ڕوو کردنە خوای گەورە هێنا بوو ..

- ئێوارەیەکیان لە شەقامێکەوە پەڕیمەوە بینیم پیاوێکی کوێر لە شەقامەکە دەیەوێت بپەڕێتەوە .. دەستم گرت .. و لە بەشی یەکەمی شەقامەکە پەڕاندمەوە .. لە نێوان هەردوو شەقامەکەدا ڕاوەستاین .. چاوەڕێ بووین شەقامەکە لە لایەکەی ترەوە چۆڵ بێت لە ئۆتۆمبێل .. ئەویش بە هەلی زانی تا پرسیارم لێ بکات .. پاش ئەوەی دوعای سەرکەوتن و لەش ساغی بۆ کردم .. ئایا ژنت هێناوە؟

وەڵامم دایەوە بە بەڵێ .. دواتر پرسیاری کرد .. منداڵت هەیە؟ ووتم: خوای گەورە بڕیاری لەسەر نەداوە .. ماوەی حەوت ساڵە ئێمە چاوەڕێی دەروازەیەکین .. لە شەقامەکە پەڕینەوە .. کاتێك وویستم خوا حافیزی لێ بکەم پێمی ووت: کوڕم ئەوەی بە سەر تۆدا هاتووە بەسەر منیشدا هاتووە لە هەموو نوێژێکدا بەم پاڕانەوەیە دەپاڕامەوە:

﴿رَبِّ لَا تَذَرْنِي فَرْدًا وَأَنْتَ خَيْرُ الْوَارِثِينَ﴾ [الأنبياء: ٨٩] .

سوپاس بۆ خوا ئێستا حەوت مندالْم هەیە پالْە پەستۆی خستە سەر دەستم و ووتی: دوعا کردن لە یاد نەکەیت .. منیش پێویستیم بە ئامۆژگاری نەبوو.. ئەوەی وون ببوو دۆزیمەوە .. ئەوەی بە سەرمدا رووی دا بۆ خێزانەکەمم گێڕایەوە .. قسەمان هێناو برد .. ئێمە لە کوێ بوینە لە پاڕانەوە .. بە دوای هەموو شتێکدا گەڕاین و هەموو شتێکمان تاقی کردەوە.. وە هەموو پزیشکێکمان بیستبێت لە دەرگایمان داوە ..

- بۆچی لە دەرگای خوا نەدەدین؟ کە لە هەموو دەرگاکان فراوان ترو نزیك ترە .. خێزانم بیری کردەوە ماوەی دوو سالْ دەبێت پیرێ ژنێك پێی ووتبوو: دوعا بکە .. بەلاْم هەر وەکو خێزانم ووتی: ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ئێمە پەیمان و کاتی بێ سنورمان لەگەلْ پزیشکەکاندا هەبوو ..

بەلاْم ئێستا سەردانەکانمان بۆ لای پزیشك سەردانی ئاسایی‌یە .. بە بێ سوور بوون و دلْە ڕاوکێ و دوودلْی .. چەند سەردانێکی ئاسایی .. تەنها بە دوای چارەسەر کردنێکی دیاری کراودا دەگەڕێین ..

تا ببێتە هۆیەك لە هۆکارەکان .. بە دلْیشمان ڕوومان کردە پەروەردگار.. لە نوێژە فەرزەکاندا و لە ناو شەودا .. بە دوای کاتەکانی قبولْ بوونی دوعادا دەگەڕاین .. گومانەکە نەدۆڕا .. وڕەت نەکراینەوە ..

بەلْکو خوای گەورە دەرگای وەلاْمی لێ کردینەوە .. خێزانم سکی بوو .. وە مندالْێکی بوو ..

تبارك الله أحسن الخالقين ..

**خۆشحاڵی و پێخۆشحاڵیمان نەشاردەوە .. بەڵام ئێستا دەپاڕێمەوە:**

**﴿رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا﴾** [الفرقان: ٧٤] .

**واتە: خوایە خێزان ومنداڵی وامان پێ ببەخشە کەببنە مایەی چاوڕۆشنی ودڵ خۆشیمان بە هۆی گوێڕایەڵی کردنی ئێمەو ئەوان بۆ تۆ، وەبمان کە بە پێشەوای چاك بۆ خواناسان ولە خواترسان.**

# بۆ کەسێك کە دڵی هەبێت

هێشتا لەبیرمە کاتێك کە منداڵێکی بچوك بووم..

خرامە نەخۆشخانەوە بۆ ماوەی هەفتەیەك لە ئەنجامی سەرما بوونم..

وە لە کاتی دەرچوونمدا گوێم لێ بوو پزیشکەکە بە باوکمی ووت: ئێستا تەندروستی باشە، بەڵام لەوانەیە ئەم نەخۆشییە لە داهاتوودا کاریگەری هەبێت..

چەند ساڵێکی درێژ تێپەڕی..

بووم بە گەنج و پاشان بە باوك..

هەندێ جار هەستم بە بێزاری و ماندوو بوون دەکرد کە کەمترین کۆششم بکردایە..

چوم بۆ نەخۆشخانە بۆ کردنی پشکنینی تەواو ( فحص ) .. بۆم دەرکەوت لاوازی هەیە لە بۆڕییەکانی دڵمدا..

وە پێویستیم بە نەشتەرگەری یەك هەیە لە دڵمدا ..

وەئەم لاوازییە لە ئەنجامی سەرمایەك تووشم بووە لە سەردەمەکانی پێشوودا کە بۆتە هۆی ڕۆماتیزم لە دڵمدا ..

هەوڵمدا پزیشکەکە ڕازی بکەم بە چارەسەرکردنێك یاخود پشوودانێك..

لەجیاتی نەشتەرگەرییەکە.. بەڵام پێی ڕاگەیاندم ..

- پاش چەند مانگێکی تر پێویستی بە نەشتەرگەری دەبێت..

وە خۆت دڵنیا دەبیت لەم شتە..

بەڵێ وابوو پاش چەند مانگێك لاوازی بۆم دەهات و بێزاریشم پێوە دیار بوو.. وە بڕیارم دا ڕازی بم بە قەزا و قەدەری خوای گەورە وە ئیشەکەم بدەمە دەستی خوا ..

پاش فەحسێکی گشتی وئەوەی کە پێویست بێت لە لێکۆڵینەوە.. کاتێکم وەرگرت تا ئامادە بم لە نەخۆشخانە بۆ مانەوە ئەویش پێش کاتی جێ بەجێ کردنی نەشتەرگەری-یەکە بە یەك ڕۆژ..

وە ئەم شتە ڕویدا ..

لە ڕۆژی یەکەمدا خزمەکان سەردانیان کردم ..

وەمن زۆر پشوو دڵ ئارام و هێمن بووم.. نزیکەی زیاتر لە کاتژمێرێك لەگەڵ ئەو پزیشکەدا دانیشتم کە هەڵدەستێت بە جێ بەجێ کردنی نەشتەرگەرییەکە ..

لە شەوی پێش کاتی نەشتەرگەرییەکە خەوتنێکی هێمنانە نووستم..

بیرم لە هیچ شتێك نەکردەوە..

لەگەڵ بانگی بەیانیدا هەستام لەخەو.. گوێم لە بانگەکە بوو..

وە دەنگەکەی لە ناوەوەم دووبارە دەبووەوە..

لەشمی هەژاند..

دەنگێك بە مێشکمدا هات..

ئارامی‌یەکەم گۆڕا..

نازانم چی ڕووی دا بە سەرمدا.. نەشتەرگەری یەکە قورسە..

لەوانەیە ئەمە دوا ڕۆژت بێت لەم ژیانەدا.. لەوانەیە ئەمە دوا بانگ بێت بیبیستیت لە ژیانتدا..

ئەم قسە شاراوانە ڕامی دەکێشا لە هەموو لایەکەوە ..

پێشتر من لە کوێ بووم..

پرسیارێك بوو وای لە فرمێسك کرد کە بەخوڕ بەچاومدا بێتە خوارەوە...

ژیانی ڕابردووم وەك خەو ڕۆیشت..

من لە کوێم دەربارەی قیامەت؟!

ئائەوە مردنەو لێم نزیك بۆتەوە..

وە کاتێك چاوم بەرز کردەوە..

پەرستیارەکە لەلای سەرمەوە ڕاوەستابوو..

چیتە؟

وەڵامیم نەدایەوە..

هیچ وەڵامم لا نیە..

بەلاَم هەستی بە دڵە ڕاوکێ وشڵەژاوی و نیگەرانیم کرد ..

لەوانەیە چاوەڕوانی ئەم شتە بێت چونکە دەرزی بەنجی بەدەستەوە بوو..

دەستم دانا.. وەمن دەمزانی کە دڵم دەدەمە دەست نەشتەرگەرەکە..

وەپێش هەموو ئەمانە ئیشەکەم دایە دەستی خوای گەورە..

سنگم دەکرێتەوە ولەت دەکرێت..

وەدڵم لە لێدان دەکەوێت بە درێژی ماوەی نەشتەرگەری یەکە..

وە لە کاتی کۆتایی هاتنی نەشتەرگەرییەکە بارگەیەکی کارەبای دەدرێت لە لەشم بۆ گورج و گۆڵ کردنەوەی دڵم و گەڕانەوەی جارێکی تر بۆ لێدان..

وەلەکاتی وەلاَم نەدانەوە یان ( لێ نەدانی دڵم) دووبارە کارەبای لێ دەدرێتەوە.. پاشان هەڵدەگیرێم لەسەر شان بۆ گۆڕستان..

زانینم بۆ هەموو ئەم شتانە بە درێژی وای لێکردم کە تەماشای ژیان بکەم زۆر بە سوکی و بێ نرخی..

چۆن من کەمتەرخەمیم کرد لە تەمەنمدا..

پاش لێدانی دەرزییەکە بێهۆش بووم.. دواتر زانیم کە نەشتەرگەرییەکە لە دڵمدا هەشت کاتژمێری بەردەوامی خایاندووە.. سوپاسی خوای گەورەم کرد کە دڵم وەلاَمی یەکەم لێدانی کارەبایی دایەوە ..

- پاش دەرچونم لە نەخۆشخانە.. هەموو ڕۆژێك بەتەمەنمدا دەچوومەوە..

ئەو ڕۆژەم بیر دەکەوتەوە کە فرمێسك بە خوڕ بەچاومدا دەهاتە خوارەوە کە من لەسەر جێگای مردن بووم ..

چۆن وەڵامی خوای گەورە بدەمەوە؟ وە بەچی؟

وە هەرجارێك ئەو کاتەم بیر بکەوتایەتەوە گوێڕایەڵی کردن و نزیك بوونەوەم لە خوای گەورە زیادی دەکرد..

وە هەر کاتێك نەفسم ڕای بکێشتمایە بۆ کەمتەرخەمی و تەمەڵی بیری ئەو کاتەم دەکردەوە..

- سوپاسی خوای گەورەم کرد کە گەڕاومەتەوە بۆ ژیان سەر لە نوێ.

# دەرگای كراوە

لەگەڵ ئەوەی سەرقاڵی خوێندنی زانكۆم بووم بەڵام هەندێ كاتم هەبوو كە بەسەرم دەبرد لە جێ بەجێ كردنی ئارەزووە خۆشەكەم – هەر وەكو دەڵێن– كە بریتی بوو لە نامە گۆڕینەوە .. بەشداریم كردبوو لە گۆڤارێكی نێو دەوڵەتی بۆ نامە گۆڕینەوە .. وە پەیوەندیم هەبوو لەگەڵ زۆر هاوڕێ لە زۆر شوێنی جیهان كە ئێمە پول و وێنەمان دەگۆڕییەوە ..

وە لە كۆتایی ساڵی سێیەمی زانكۆم وپێش نزیك بوونەوەی پشووی هاوین.. بیرم كردەوە لە گەشت كردن بۆ چەند وڵاتێك .. یەكەم: ئەو وڵاتانە دەبینم وشارەزایان دەبم .. دووەم: ئەو هاوڕێیانەم دەناسم كە پەیوەندیم بە هەندێكیانەوە هەیە ماوەی دوو ساڵە یان زیاتر .. لە ڕووی ئابوریشەوە..

سەبارەت بەمن ئاسانە چونكە پارەیەكی زۆر بەكار ناهێنم .. دەبم بە میوان لەلای هاوڕێكانم بۆ ماوەی دوو ڕۆژ یان سێ ڕۆژ تا هەفتەیەك .. و لە لایەكی تریشەوە هاوڕێكانم هەڵدەستن بە ناساندنم بە شوێنە كەلەپورییەكان و سەیرانگا وهاوینە هەوارەكان .. پاشان من ئاهەنگ بۆ گێڕاو و پارە بۆ دراو دەبم ..

هێڵی ڕۆیشتنی گەشتەكەم ڕێكخست لە مێرنیشینەوە بڕیارم دا یەكەم جار سەفەر بكەم بۆ فەرەنسا پاشان بۆ ئەڵمانیا .. پاشان بۆئیسپانیا پاشان بۆ مەغریب پاشان بۆ میصر لە كۆتایشدا دەگەڕێمەوە بۆ وڵاتەكەی خۆم ..

ئەم هێڵی ڕۆیشتنەم ڕێکخست لەگەڵ زۆر لەو هاوڕێیانەم لەو وولاتانەدا وە خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بە سەردانەکەم .. هەروەها من خۆم پەیوست نەکرد بەبڕینی پلیتی سەفەر .. بەڵکو کارەکانم هێشتەوە تا بەگوێرەی پشووی خۆم بێت لە هەموو وولاتێك..

- سالی خوێندنم تەواو کرد .. سوپاس بۆ خوا دەرچووم بە سەرکەووتویی .. بەکەس و کارم ڕاگەیاند بەگەشتەکەم .. هیچ لاریان نەبوو لەم شتەدا ..کامێراو هەندێ پەڕاوی گرنگم ئامادە کرد.. هەروەها ناونیشان و تەلەفونی هاوڕێکانم لە یاد نەکرد .. خۆم ڕازی کرد کە من بۆ گەشت وگوزار دەڕۆم نەك بۆ شێواز و جوانی .. بۆیە لەجل و بەرگدا سادەترین پۆشاکم کڕی .. ئەوەندەیش پارەم هەڵگرت کە بەشم بکات ...

لە ئێستگەی یەکەمدا زانینم بۆ زمانی ئینگلیزی یارمەتی نەدام .. چونکە گەلی فەرەنسی بە فەرەنسی قسە دەکەن بەلام کاتێك کە ئۆتۆمبێلێکم بە کرێ گرت لە فڕۆکەخانەوە بۆ شاری پاریس .. زانیم کە خاوەن ئوتێل وشوێنە گەورەکان بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکەن ..

لە ئوتێلێکی ئاسایی دابەزیم وە ئاوو هەوا زۆر سارد بوو .. وە وادیار بوو جلەکانم بەشی پێویستی ناکەن .. لەشم دەستی کرد بەلەرزین لە سەرمادا.. شەوی یەکەم ڕۆیشت .. وە خۆشحاڵ بووم کاتێك پەیوەندیم کرد بە هاوڕێکەمەوە وە لە شارێکی دوور لە پاریس بوو .. هاتنی خۆم پێ ڕاگەیاند .. ئەویش خۆشحاڵی بۆ دەربڕیم وە پێی ڕاگەیاندم کە سبەینێ چاوەڕێم دەکات لە ئێستگەی شەمەندەفەر لە شارەکەی .. بۆ سبەینێ جانتاکەم هەڵگرت .. وسواری شەمەندەفەر بووم ..

وە گومانی تێدا نییە کە من لۆمەی خۆمم کرد لەبەر زۆری وێنە گرتنم لە ترسی نەمانی ئەو فلیمانەی کە پێمە ..

بەڵام شێوازی سروشتی خۆشحاڵت دەکات بە جوانییەکەی .. پێش گەیشتنی شەمەندەفەرەکە بە ماوەیەك وێنەی هاوڕێ فەرەنسییەکەمم دەرکرد دەمپشکنی .. تا بیناسمەوە .. چونکە پێشتر نە من ئەوم بینیوە وەنەئەو منی بینیوە .. لە کاتی ڕاوەستانی شەمەندەفەرەکە و دابەزینمان هیچ گرانییەکم نەبینی لە ناسینی هاوڕێکەم .. بردمی بۆ ماڵی خۆیان ..

وە بە ئینگلیزی قسەی دەکرد .. زمانی نامە گۆڕینەوەی نێوانمان .. چەند ڕۆژێکی خۆش و جوانم بەسەر برد لەلایان.

بۆ پێنج ڕۆژ درێژەی کێشا .. پاش ئەوەی شارەکەیم بینی و سەردانی سەیرانگاکانمان کرد .. پێکەوە گەشتمان کرد بۆ شارێکی تر و دوو ڕۆژ لەوێ ماینەوە پاشان گەڕاینەوە بۆ پاریس پێکەوە وسێ ڕۆژ لە لای یەکێك لە هاوڕێکانی ماینەوە ..

- پاشان ڕۆیشتم بۆ ئەڵمانیا .. هەمان کێشەی زمان سەر لە نوێ چونکە ئەڵمانییەکان تەنها بە زمانی ئەڵمانی قسە دەکەن .. لە ئەڵمانیا زیاتر پشوم دا چونکە هاوڕێکەم ئۆتۆمبێلی هەبوو .. ئەویش یارمەتی داین لەسەر سەربەستی لە جوڵە کردندا هەر چەندە هەندێ گەشتی خۆشی ناو شەمەندەفەرو گەشتە بە کۆمەڵەکانمان لە دەست چوو ..

بە هەر حاڵ .. بۆ ماوەی هەفتەیەك لە ئەڵمانیا مامەوە هاوڕێکەشم وەکو من مۆڵەتی بەسەر دەبرد .. تەنها یەك ڕۆژ لەماڵیان مایەوە لە پاش ئەوە دەستمان کرد بەگەڕان لە ئەڵمانیا .. بەڵکو ئێمە ماوەی زیاتر لە ٥٠ کیلۆمەترمان لە ڕێگادا بڕی .. ئەمەیش نرخی کڕینی بەنزینی ئۆتۆمبێلەکەی خستە سەر شانمان .. وەئەم نرخەیش بە نیوەیی دامان ..

ئەڵمانیام زیاتر بینی لە فەرەنسا .. هەروەها هاوڕێ ئەڵمانییەکەم باری دارایی باش بوو .. وە خزمی هەبوو لە ناوچە جیا جیاکانی ئەڵمانیا.. هەرچەندە خزمەکانی شتێکی وایان پێشکەش نەکردین کە شایەنی باس کردن بێت

- ئەڵمانیام بەجێ هێشت و بەرەو ئیسپانیا بەڕێ کەوتم .. وام نەخشە کێشا مانەوەم لە ئیسپانیا زیاتر بێت .. لەوێ فرمێسکەکانت پێش ڕووانینت دەکەوێت .. چی دەبینیت لە ئەندەلوس .. ئایا هۆنراوەی لاوانەوەکەت نەبیستووە لە ڕووخانی ئەندەلوسدا ..

لكل شيء إذا ماتم نقصان فلا يغر بطيب العيش إنسان

هي الأموركما شاهدتها دول من سره زمن ساءته أزمان

واتە: هەموو شتێك کە تەواو دەبێت ئینجا تووشی کەم و کوڕی دێت .. بۆیە با مرۆڤ نەخەڵەتێت بە ژیانی خۆش .. ئەم ئیشانە وەکو بینیت چەند دەوڵەت بوون .. هەرکەسێك سەردەمێك دڵی خۆش بێت چەندەها سەردەم دڵ ناخۆش دەبێت..

دڵت دەگوشرێت و زمانت ڕادەوەستێت .. وەسفی شوێنەوار بکەیت .. گەورەیی لە دەوڵەتەکەدا .. گەورەیی لە دروست کردندا.. ئەمە سەرەنجامێتی .. هەر کاتێك بچومایەتە مزگەوتێکەوە دڵم دەلەرزی .. چەندەها کڕنوش بەر ڕۆیشتن .. چەندەها خوا پەرست نەمان .. وخەڵکی سەرقاڵە ..

ئەمە نەخش ونیگاری ناو دیوارەکانە .. ئەمەیش .. دەڵێی ئیسلام بنیات نانە.. هەرچەندە من سەردانی مزگەوتەکەی تەنیشتمانم ناکرد زۆر بە کەمی نەبێت.. بەڵام مزگەوتەکانی ئەندەلوس جیاوازن .. بەڵکو چەندەها جار دەچوومە مزگەوتە گەورەکە پێڵوم نەدەلەرزی .. کە دەچوومە ناو نوێژەکەوە .. بەڵام ئێستا لایەکانم دەهەژێن و من گەشتیارم .. نە نوێژ خوێن و نەخواپەرست .. هاوڕێیکەم باسی دادپەروەری موسڵمانانی بۆ کردم کاتێك لێرە بوونە .. وە زانیاری مێژوویی بۆ باس کردم .. ڕاستی لە هەڵەی لێك جیا ناکەمەوە .. بەڵام لە کۆتایی قسەکانیدا سەرم دەجوڵاندەوە .. هیچ وەڵامم پێ نەبوو .. بەڵام دڵم دەلەرزی .. باسی مێژووی ئیسلام دەکەن .. مێژووی باوك و باپیرانم .. وەمن هیچ شتێکی لێ نازانم .. بەڵکو بیر دەکەمەوە .. ئایا من لە نەوەی ئەوانەم کە دنیایان ئازاد کردووە ..؟ ئەندەلوسم بەجێ هێشت و سەرم سووڕ مابوو بە هەموو شتێك کە ئەم ووشەیە دەلالەت بکات لە ماناکەی ..

بە ڕێگای دەریادا گەیشتمە مەغریب .. پاشان بە پاس ڕۆیشتم بۆ گوندی هاوڕێ مەغریبیەکەم کە نزیکی سنوری جەزائیر بوو .. ڕووم کردە گوندەکە.. گوندێکی هێمن لە ناوەندی بیابان .. گوندەکەی خۆمی یاد خستمەوە .. پێویستم بە ناونیشان نەبوو .. ماڵی جابر لە کوێیە .. هەموو دەیناسن .. شێوەیەکی نامۆ .. هەموو تەماشایان

دەکردم .. یەکێکیان بردمی کاتێك کە زانی لە زەوی (الحرمین) ەوە(مەککەو مەدینەوە) هاتووم.. جانتاکەی بۆ هەڵگرتم بە سوور بوونێکی سەیر .. لە دەرگامان دا .. ئەمە باوکی جابرە.. هەلم پێ نەدرا تا خۆم بناسێنم .. ئەمە لە مەککەوە هاتووە.. باوەشی پێدا کردم .. فەرموو ...

ڕێز لێنان و خۆش حاڵی یەکی زۆر .. شەرمەزاری کردم .. ماوەی هەفتەیەکە بە پەرۆشەوە چاوەڕێی هاتنی من بوون.. ئاهەنگیان بۆ ئامادە کردبووم هەروەکو چۆن باسیان کرد بوو .. پاش چای خواردن .. ژورێکی ڕێك و پێکیان بۆ ئامادە کردبووم ..

- لە ئێوارەدا .. ووتیان خەڵکی گوندەکە دەیانەوێت بتبینن .. (چی.... ) بمبینن .. خرامە سەر مێزی ئاهەنگەکە .. لێپرسراوی ئاهەنگەکە قسەی کرد .. بە خێر هاتنێکی گەرمی کردم .. وە زۆربەی خەڵکی گوندەکە ئامادەی ئاهەنگەکە بوون ئەگەر هەموو نەبوو بێتن.. ژن و پیاوو منداڵ ....

پاشان پێش نوێژ خوێنی مزگەوتەکە قسەی کرد دەربارەی فەزڵ وگەورەیی مەککە و مەدینەی پیرۆز .. وە بەخێر هاتنی کردم .. پاشان چاوەڕوان نەکراوی بێهۆش کەر بۆ من .. ئێستایش هاتوو لە زەوی سروش (وحي) لە شوێنی دابەزینی قورئانی پیرۆز .. لە زەوی مەککە و مەدینە ..قسەتان بۆ دەکات .. پێشتر کە ئەوان قسەیان دەکرد پێ دەکەنیم .. بەڵام کاتێك داوای قسەیان لە من کرد .. شێوەم گۆڕا .. پێستەکەم جوڵا .. زمانم بەسترا .. ڕانەهاتبووم کە لە ناو کۆمەڵێکی ئاوادا قسە بکەم .. پاشان چی بڵێم .. من قوتابی بەشی ئابوریم .. هیچ زانیارییەکی شەرعی یاخود ڕۆشنبیریم نیە .. بەڵام خوای گەورە بۆی ئاسان کردم .. باسی حەرەم و کەعبە و حەجم کرد بۆیان .. وە زۆر

قسەم کرد لەسەر حەج چونکە بابەتێکی ئاسانە لە کۆنەوە خوێند بووم وە زانیاری ساڵانەی دووبارەوە بووم هەبوو لە ئەنجامی ڕاگەیاندن لە کاتی وەرزی حەجدا .. وە پاڕامەوە لە خوا کە حەج بکەن لە مەککە ..

دەنگی گریان و ئامین بەرز بووەوە .. لە هەڵوێستەکە ترسام لە ترسی خوادا.. دەستم کرد بە قسە کردن بە شێوەیەکی کاریگەر وهەڵچوو .. وەکو بڵێی قسە لەگەڵ نەفسی خۆم دەکەم بۆ تۆبە کردن .. فرمێسکی خەفەت تاساندمی و منیش قسەم دەکرد .. گریام .. هەموو ماوەیەك بێ دەنگ بوون .. منیش سەرم سووڕ مابوو لە خۆم دەتووت لە خەیاڵێکی سەیردام.. هەموو هەستان سەلامیان لێم کرد وبەشێوەیەك قسەیان دەکرد لێی تێ نەگەیشتم .. نیوەی گریانە و نیوەکەی تری بە شێوەی ناوخۆیی ..

لە پاش ئەم ڕووداوە وەکو ئەوە وابوو کە تەماشای نواندنێك (تەمسیلی) دەکەم ومن پاڵەوانەکەیم .. بانگ کراین بۆ خواردنی ئێوارە .. خواردنێك بەشی هەموو ئامادەبووانی دەکرد .. بەڵام من لەزەتم لە خواردنەکە نەکرد.. لە ناخمەوە شتێك هەیە نازانم چی‌یە .. چووم بۆ ژوورەکەم و دەرگام داخست لەسەرم .. و گریام .. بەڵکو ڕووم خستە سەر جێگاکەم تا تەڕ بوو لە فرمێسکدا ..

هەوڵم دا دەنگم نزم بکەمەوە تا خەڵکی ماڵەکە نەی بیستن .. نازانم کەی ڕاوەستام لە گریان .. بەڵام خەو زاڵ بوو بە سەرمدا ومن هەر دەگریام.. وە لەوانەیە ماندوویی گەشتەکەم یارمەتی دابم لەسەر نووستن .. لە دەرگاکەم درا .. نوێژی بەیانی‌یە .. دەرچووم بۆ مزگەوت .. ونوێژم کرد بە دڵێکی خاشعەوە .. وەلە نوێژەکە گریام ..

خەیاڵم بڵاوبوەوە .. نازانم توشی چی بووم .. نازانم چۆن ڕۆژەکانم بەسەر برد .. بەڵام شەوانم گریان بوو.. بەڕۆژیش ئالۆزیم پێوە دیار بوو..

بڕیارم دا بگەڕێمەوە بۆ وڵاتەکەی خۆم ..

هەرچەندە سوور بوون لەسەر مانەوەم .. بەڵام سوور بووم لەسەر گەڕانەوەم .. وە هێڵی گەڕانەوەم بۆ جیددە بوو لە جیددەوە بۆ مەککە .. یەك هەفتە لە حەرەم مامەوە .. ناچوومە دەرەوە بۆ پێویستییەکی گرنگ نەبێت .. قورئانم دەخوێند بە زەلیلی و تێفکرینەوە .. نوێژم دەکرد بە خشوعەوە.. تەوافم دەکرد بە ئارامییەوە ..

- پێشتر من لە کوێ بووم دەربارەی ئەمانە .. کوا ساڵانی ڕابردوو ..

نەمتوانی بە ڕابردوومدا بچمەوە .. چونکە گریان زاڵ دەبوو بە سەرمدا .. وە پەشیمانی سەخت کاتێك بیرم لە ڕابردوو بکردایەتەوە .. قورئانەکەم دەکردەوە و دەمخوێند .. فرمێسکەکانم بە جێیان ناهێشتم .. ئەم فرمێسکانە ساڵانی ڕابردوو لە کوێ بوون .. نازانم ..

ئەو وانانەی لە حەرەم دەوترانەوە ترسەکەمیان هێمن کردەوە ..

پەرتووکێکم کڕی بە ناونیشانی: (حادي الأرواح الى بلاد الأفراح) و یەکێکی تریش بە ناونیشانی (واحات الإيمان) ی عبدالحميد البلالى لە پێش ئەم و ئەویشدا ..

سوپاس بۆ خوا لێخۆش بووی تاوانەکان و وەرگری تۆبەکان ..

# هەڵگری میسك

تەنگی‌یەکی سەختی ئابوری تووشی بووە .. حاڵی شێواند .. کەمی بە دەستەوە ما .. هاوڕێکانی لێی جیا بوونەوە .. باسی دەکات و دەڵێت ماوەی دە ساڵە وازی هێناوە لە فەرمانبەرێتی‌یەکەی .. ڕووی کردە ئیشی سەربەخۆ .. لە پاش وازهێنانی لە فەرمانگە حاڵی گۆڕا .. پارەی زۆر بوو.. گواستیەوە بۆ کۆشکێکی گەورە .. ژنی دووەمی هێنا .. گەشتەکانی ناژمێردرێت .. نوقم بووە لە ئارەزوو وحەرامدا بە بێ سنوور .. گوێی لە بانگ دەبێت .. نوسینگەکەی چەند مەترێکی کەم لە مزگەوتەکەوە دوورە و ناچێت بۆ نوێژ .. بەڵکو ئەوە ماوەیەکی زۆرە کڕنوشێکی بۆ خوا نەبردووە.. سەرقاڵە و کاتی نی-یە ..

لە ماڵەکەیشدا وەکو ئاژەڵ دەژی .. دەخوات و دەخواتەوە و دەخەوێت.. تەنانەت پەروەردەکردنی منداڵەکانیشی .. ڕۆژێك لە ڕۆژان لێی نەپرسین ئایا نوێژ دەزانن یان نا .. لە پارەکەیشدا حەڵاڵ و حەرام لە لای وەکو یەکە.. هۆکار لە لای گرنگ نی‌یە .. گرنگ ئەنجامە .. ئەمە بنچینە بازرگانیەکەیەتی ..

بەڵام .. لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی ڕابردوودا .. کاری بازرگانی گەڕایە دوواوە .. هەوڵی بێ ئومێدی دەدا تا پارێزگاری بکات لەسەر ئیش و قازانجەکانی پێشووی .. بۆیە ئیشەکانی شێوەی ئاڵۆزی ونارێك وپێکی وەرگرت .. وەکو خنکاوێك بیەوێت خۆی ڕزگار بکات .. خاوەنی قازانجە خێراکان ئەم پرۆژەیەیان بۆ دەڕازاندەوە ..و ئەو پرۆژەیەیان بۆ دەڕازاندەوە .. ئەم پرۆژەیەیان سەر نەکەوت وتێك شکا .. ئەمەیان بەرامبەر نیوەی

ئەوەیە کە پێی دراوە .. لە ماوەی دوو ساڵدا قەرز دەرەکان زۆر بوون .. کێشە وگرفتەکانی زۆر بوون.. بیری کردەوە کە پێش واز هێنانی لە فەرمانگە چۆن بووە .. ئێستایش مەسروفاتی زۆرە و لە توانایدا نی‌یە و پارەیشی کەمە .. دەستی کرد بە قەرز وەرگرتن لە بانکەکان ..

لە ماوەی یەك ساڵدا قەرزەکانی لەسەر کۆبووەوە ونەیدەتوانی بیداتەوە .. چووە قۆناغێکی نوێ وە لە ژیانیدا .. قۆناغی داواکردنی لە دادگاکان و لە لای مافەکان و پۆلیس .. وای لێهات ئیشی تەنها هەوڵدان بوو بۆ دواخستنی پارەی قەرزدەرەکان بۆ کاتێکی تر .. چەند مانگێك تێپەڕی .. قەرزەکان دەستیان پێ کردەوە .. شێوەی بەندینخانە دەستی پێ کرد .. جارێك بە هەڕەشە و ترساندن .. جارێکیش بە پێشکەش کردنی سکاڵا لەلای قازی.. قەرز دەرەکان ئەم ڕیگایانەیان گرتە بەر ..

هەرچی هەبوو هەمووی فرۆشت .. کۆشکەکەی .. ئۆتۆمبیلەکانی .. زەوی‌یەکانی .. موڵکە بازرگانی‌یەکانی .. بەشێکی زۆری قەرزەکانی دایەوە.. بەشێکی تری مابوو ئەویش خاوەن قەرزەکان بەزەییان پێدا هاتەوە و دوایان خست بۆی .. گواستێوە بۆ خانوویەکی بچوك خێزان و هەر دە منداڵەکەی تێیدا کۆ کردەوە .. شۆفێر و خزمەتکار بوونیان نەما لە لای ئەم .. شەوان بەسەر دەبات بە غەم و پەژارە و خەفەت ..

- لە ناوەندی ئەم کێشەو گرفتەدا بەخەیاڵیدا هات کە سەردانی محمدی هاوڕێی بکات .. ئەو یارمەتی دەدات بە بڕێك پارە .. چونکە هاوڕێی منداڵی‌یەتی و لە فەرمانگەیش پێکەوە بوونە ..

ئایا بچێت بۆ لای .. یان نا .. لەگەڵ ئەوەی کە محمد پێش دوو ساڵ سەردانی کرد بێزار بوو لە شێوازی بریسکاوی و ڕەونەقیدا ..لە دەنگی مۆسیقا ودەنگە دەنگ لە ماڵەکەیدا .. بەڵام ناچاریە .. جێگیر بوو لەسەر بۆچوونەکەی و کاتێکی گونجاوی هەڵبژارد کە بچیت بۆ لای .. ئەویش کاتی عەسرە لە سبەینێ دا .. لە ناوەندی عەسردا جل و بەرگی لەبەر کرد .. زەنگی دەرگا لێ درا .. کێیە .. (بڵێن لە ماڵ نییە) ئەوە خاوەن خانووەکەیە بۆ کرێی خانووەکە هاتووە .. باوکتان لە کوێیە .. لەماڵ نییە.. ناچار بوو نیو کاتژمێر خۆی دوا بخات تا خاوەن خانووەکە دوور بکەوێتەوە لە دەرگاکە .. بە پەلە دەرچوو سواری ئۆتۆمبیلەکەی بوو .. ڕووی کردە ماڵی محمد .. هەمان خانووە کۆنەکەیە ونەیگۆڕیوە .. گەیشتە ماڵی محمد لە پاش بانگی مەغریب ڕاستەوخۆ .. کێیە ..من صالحم .. محمد لە کوێیە ..

چووە بۆ مزگەوت پاش نوێژ دەگەڕێتەوە .. سواری ئۆتۆمبیلەکەی بوو.. سەری داخست .. عەیبە لەناو ئۆتۆمبیلەکەی چاوەڕێی بکات و خەڵکیش لە تەنیشتیدا بچێت بۆ مزگەوت .. پاشان ئەگەر محمد بیبینێت بە کۆمەڵ نوێژی نەکردووە چی .. پاشان بۆ کوێ بچێت .. دەست نوێژم نییە .. دەچم بۆ نوێژ ئەوە مزگەوتەکەیە .. دەست نوێژی شوشت پاشان چوو بۆ مزگەوت .. بە ڕکاتی دووەمی نوێژی مەغریب گەیشت .. پاش نوێژ یەکێك لە زاناکان بڵند گۆکەی گرت ...

لە پاش سوپاس و ستایشی خوای گەورە سەڵاواتی لەسەر پێغەمبەر دا ﷺ.. پاشان ووتی تەنها لە کاتەکەتان پێنج خولەکم دەوێت .. دەستی کرد بە باس کردنی

گوێڕایەڵی .. کە هۆی ژیانێکی بەختەوەرە .. ئایا نەتانبیستووە خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿وَمَنْ أَعْرَضَ عَنْ ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنْكًا﴾ [طه: ١٢٤] .

واتە: (هەرکەسێك پشت بکات لە یاد وزیکر ودینی خوای گەورە ئەوا خوای گەورە لە تۆڵەی ئەو کارەیدا ژیانێکی تەنگ وتەسك وناخۆش وشڵەژاوی وپڕ لە کێشەو گرفت دەیژێنێت) ..

چووە ناو باسی دامەزراوی مرۆڤ لە ژیاندا .. وە هەندێ لە سوودەکانی ڕوو کردنە خوای گەورەی ژمارد ..

وەباسی ڕزق و ڕۆزی کرد ..سەرم بەرز کردەوە تا تەماشای بکەم ئەمە گرنگە لای من .. بەردەوام بوو لە تەفسیر کردنی ئایەتی خوای گەورە: ﴿وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ﴾ [الطلاق: ٢-٣]. واتە: (هەرکەسێك لە خوا بترسێت وخۆی بپارێزێت لەتاوان ئەوا خوای گەورە لە هەموو کێشەو گرفتێکی دەروازەی خێری لێ دەکاتەوە وفریای دەکەوێت ورزگاری دەکات، وە بەشێوەیەك رزق ورۆزی دەدات کە خۆیشی بە خەیاڵیدا نەهاتبێت وبیری لێ نەکردبێتەوە).

باسی ئەوەی کرد کە رزق وڕۆزی لە چەند دەرگایەکەوە بۆت دێت کە تۆ لێت نەداوە وە چاوەڕوان نیت کە لەوێ وە بۆت بێت .. پێنج خولەکەکەی تەواو کرد و بەڵێنەکەی بردە سەر .. لە دڵی خۆمدا ووتم خۆزگە بەڵێنەکەی بەسەر نەبردایە وزیاتر قسەی بکردایە چونکە قسەکانی چووە دڵمەوە .. من لە کوێم سەبارەت بەم ئایەت و فەرموودانە .. من پێشتر وێڵ وسەرلێشێواو بووم خوام نەدەناسی تەنها لەم سەغڵەتیەدا نەبێت ..

سوپاس بۆ خوا کە ئێستا ناسیم .. غەم وپەژارەیەکی زۆری خستە دڵمەوە .. من نەفس ڕووخاووم لە ڕووی مادیی‌یەوە .. وە کاریگەری کردە سەرم کە ووتی ئەمانە هەمووی هۆی سەرپێچی و تاوانن .. بیری بێ ئاگایی‌یەکەمم کەوتەوە.. فرمێسك بە چاومدا هاتە خوارەوە .. هەناسەیەکم هەڵکێشا لە پاش خەفەت.. دەرچووم لە مزگەوت .. ئەوە محمدە .. چوینە ماڵیان .. الله اکبر هاوڕێی ژیانە بە مانای ووشە..

خۆشحاڵ بووم پێم و بەخێر هاتنی کردم لە کاتێکدا هەرچی لە دەورو پشتم بوو هەڵهاتن .. منداڵەکانت چۆنن .. تەندروستیت چۆنە ..دەنگ و باست چی‌یە ..

- محمد پەلەم لێ مەکە هەموو شتێکت پێ دەڵێم .. قسەم درێژەی کێشاو هەموو شتێکم بۆ ڕوون کردەوە .. پاش ئەوەی تەواو بووم.. وەڵامێکی دامەوە کە یەکەم جارە لە ژیانمدا دەیبیستم .. ئەمە ڕەحمەتی خوای گەورەیە بۆ تۆ ..

زیاتر لەحەرامت خواردووە وەك لە حەڵاڵ .. ئەرکە ئایینی‌یەکانت واز لێ هێنابوو .. دوور کەوتبوویتەوە لە خوای گەورە.. لەوانەیە ئەمە دڵت بە ئاگا بهێنێت .. تا بزانیت مادە هیچ شتێك ناگەیەنێت .. بەڵکو خوای گەورە لێت دەپرسێتەوە وەکو لە فەرموودەکە هاتووە مرۆڤ پرسیاری لێ دەکرێت لە چوار شت: تەمەنی بە چی تەواو کردووە، وگەنجێتی بەچی بەسەر بردووە، و پارەکەی چۆن دەست کەوتووە ولە چیدا بەکاری هێناوە، وە لە زانیارییەکەی چۆن کاری پێ کردووە .. بەڵام الحمد لله على كل حال .. چەند قەرزت لەسەر ماوە .. من هەموویت بۆ دەدەمەوە .. وماوەی پێنج ساڵە ئەم خانووەی تەنیشتمانم کڕیوە و ماوەی دوو مانگە کرێچی‌یەکە دەرچووە.. سوێندی لێم خوارد کە بێمە ناوی تا خوا کارەکەم بۆ ئاسان دەکات .. باوەشم پێدا کردوو

خواحافیزیم لێ کرد .. پیاوێکی چاکە بە مانای ووشـە .. بـە دیـن و بەڕەوشـتە .. پـاش هەفتەیەك جێگیر بووین لە تەنیشت ماڵی محمد .. هەموو ڕۆژانی دووشـەممە دانیشـتنی هەیـە لەگـەڵ چـەند برایەکـدا هەنـدێك پـەرتووکی دینـی دەخوێندنـەوە .. منداڵـەکانم دەستیان کرد بە لەبەر کردنی قورئانی پـیرۆز لـە مزگـەوت لەگـەڵ منداڵـەکانی ئـەودا .. هەستم کرد بە تام و چێژی ژیـان .. ئـیش و کـارم بـەرەو باشـی دەڕۆیشـت.. لەهـەموو ئەمانە گرنگتر دینەکەم .. و ماڵەکەم .. پاش نوێژی بەیانی دادەنیشتم لە مزگـەوت تـا ڕۆژ هەڵدێت ..

**بەڕاستی خۆری باوەڕ هەڵهات لە ناخمدا ..**

## کاتی داهاتوو

سەر سپی بوو .. وا نزیك پەنجا ساڵ بوومەتەوە .. لەگەڵ خۆشەویستیم بۆ خوێندنەوە .. بەڵام کاتم تەنگ و کەم بووە ..وای لێ هاتووە جوانی دونیا خۆشی خوێندنەوەی لێ سەندوومە .. ئەمە منداڵێکی ترە بەڕێوەیە ئەوە کوڕەزا و کچەزایەکە بێزار نابم لە بینینیان .. ژیان دەڕۆیشت بەڕێوە بەو شێوەیەی ئاواتە خوازی بووم .. هیچ شتێك پاکی‌یەکەی لێڵ ناکرد .. کۆتایی ڕۆژی پێنج شەممە هات .. لە پاش ڕۆژێکی درێژ .. پڕ لە سەردان و گاڵتە وخۆشی .. خوا حافیزیم لە کوڕ و کچ و منداڵەکانیان کرد .. لەناخمدا دەنگێکی شاراوە دەهات .. ئەم دنیایە سەیرە .. کۆبوونەوە و لێك جیا بوونەوەیە .. هەمووان کۆچ دەکەن .. و خواحافیزی دەکەن و خواحافیزییان لێ دەکرێت .. بە تەنها دەمێنیتەوە .. ئەم بیرکردنەوانە چی‌یە.. بە پەلە ئاوڕم دایەوە بە لای ڕاست و چەپدا ..

کۆمەڵێك لەناملیکەی قەبارە بچوك هەمیشە دەکەونە پێش چاوم .. گومانی تێدا نی‌یە کە کچە بچوکەکەم دایناوە .. ئەو ناو بەناو دەیکاتە دیاری بۆ من و هانم دەدات لەسەر خوێندنەوەیان .. پەرتووکی زیکرەکانی بەیانیان و ئێواران .. پەتوکی زاد المسلم اليومي .. چی تر .. ئەمیش ناملیکەیەکی بچوکە .. چوار لاپەڕە زیاتر نابێت .. پێویستی بە تەنها چوار خولەك زیاتر نی‌یە .. هێنام و بە خێرایی خوێندمەوە .. توشی سەر سوڕانەوە بووم ..بە دەنگێکی نهێنی ووتم: ناشۆردرێم .. کفن ناکرێم .. نوێژم لەسەر ناکرێت.. ناشاردرێمەوە لە گۆڕستانی موسڵمانان لە گەڵیاندا .. پاشان چی..؟ من تەمەنم پەنجا ساڵە ..

ئەمە کۆتایم بێت .. نەخێر .. بەڵکو زیاتریش هەیە جارێکی تر خوێندنەوەکەتان بۆ دووبارە دەکەمەوە.. بەڵام بە درێژی .. نامیلکەکە بە ناونیشانی (حكم تارك الصلاة)[1]ە .. کورتەکەی ئەوەیە .. کە نوێژ نەکەر کافرە[2] .. گفتوگۆم کرد لەگەڵ خۆمدا ئایا من کافرم ..؟ پاش ئەم هەموو تەمەنە .. بەم شێوەیە وەسف بکرێم .. دەنگێکی دوور .. بۆچی نا؟؟ ئایا تۆ نوێژ نەکەر نیت .. گوێ بگرە بزانە چی حوکم بەسەر نوێژ نەکەردا جێ بەجێ دەبێت ..

یەکەم: دروست نییە ژنی لێ مارە بکرێت، ئەگەر مارەش کرا لێی نوێژی ناکرد ئەوا مارە بڕین و ژن هێنانەکەی بەتاڵە و ئافرەتەکە بۆی حەڵاڵ نییە..

دووەم: ئەگەر وازی لە نوێژ کردن هێنا لە پاش ئەوەی مارە بڕا لێی ئەوا مارە بڕینەکە هەڵدەوەشێتەوە وئافرەتەکە بۆی حەڵاڵ نییە ..

سێیەم: ئەم پیاوەی وا نوێژ ناکات ئەگەر ئاژەڵ یاخود هەر سەربڕاوێك سەرببڕێت ئەوا سەربڕاوی دەستی ئەو ناخورێت، بۆچی؟ چونکە حەرامە .. بەڵام ئەگەر جولەکە یان گاور سەری ببڕێ ئەوا سەربڕاوی ئەمان حەڵاڵە بۆمان بیخۆین ..

چوارەم: دروست نییە کە بچێتە ناو مەککەوە یاخود سنوری حەرەمەکەی...

پێنجەم: ئەگەر یەکێك لە خزمەکانی بمرێت ئەو مافی نییە لە میراتییەکەیدا ومیراتی بەر ناکەوێت ..

---

(٢) لە نوسینی زانای پایەبەرز (محمد بن صالح العثيمين)ە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) .

شەشـەم: ئەگـەر مـرد ئـەوا ناشـۆردرێت وكفـن ناكرێـت و نوێـژی لەسـەر ناكرێـت و ناشـاردرێتەوە لـە گۆڕسـتانی موسـڵمانان لەگـەڵ موسـڵماناندا .. ئـەی باشـە چـی لـێ دەكرێت؟

- دەبرێت بۆ بیابان وچاڵێكی بۆ هەڵدەكەنرێت وبە جلەكانییەوە دەكرێتە نـاوی-یەوە چونكە ڕێزی نییە.

لەسەر ئەمانە حەڵاڵ نییە بـۆ هـیچ كەسـێك كـە مردوویـەكی لـێ بمرێـت وبزانێـت نوێـژ ناكات بیهێنێت بۆ موسڵمانان نوێژی لەسەر بكەن.

ژیام لە خەیاڵێكی ڕاستدا ..

نامیلكەكەم لە لایەكدا دانا .. دەسـتم بـەرز كـردەوە بـۆ سـەرم .. پاڵەپەسـتۆم خسـتە سەری بەهێزەوە .. تەڵە موویەكی سپی بەر بووەوە ..

تەماشام كرد .. ئایا لە دوای ئەم سپی و پـیریـیە؟ ناشـۆردرێم و كفـن نـاكرێم.. نوێـژم لەسەر ناكرێت .. ئەمە كۆتاییەكەمە .. ئەمەیە لە دونیا كۆم كردۆتەوە ..

الله .. ووشەیەك بوو بەهێز لە ناو دڵمەوە دەرچوو .. ئایا ئەمـە كۆتـاییەكەمـە .. ئایا ئێمە لە كوێـین بـێ ئاگـاین ..گومـانی تێـدا نـییـە كـە مـن كەمتەرخـەمم .. بـەڵكو زۆر كەمتەرخەمم .. بەڵام پەنجا ساڵ .. ئامۆژگاری كەرێك نـەبینم ئـەم شـتەم پـێ بڵێـت .. چۆن .. ئەمە ئەركی سەرشانی كێیە.. سەردەمی خراپیم شوشت بـە فرمێسـكی تۆبـە .. پەیمانم بە خۆم دا كە ئامۆژگاری كاری هەموو كەسێكی هەڵە بم .. هەستامە سەر پێ ..نوێژم لەسەر دەكرێت .. وە إنشاء الله لەگەڵ موسڵمانان دەشاردرێمەوە ..

# کۆتایی

ناسینم بۆی ئاسایی بوو .. هەندێ جار لەمزگەوت دەمبینی و چەند ڕۆژێکی زۆریش نەمدەبینی .. زۆر بەگەرمی سەلامم لێی دەکرد و بەپەرۆش بووم بۆ ناسینی و قسە کردن لەگەڵیدا .. هەلەکە ڕەخسا .. کاتێك دەرچووین لە نوێژی عەسر .. من و هاوڕێیەکم لە دەرەوەی مزگەوت ڕاوەستاین قسەمان دەکرد .. ئەوە ئەوە هات .. سەلامی لە هاوڕێکەم کرد و پاشان سەلامی لە من کرد .. وا دەرکەوت کە ئەوان پێشتر یەکتریان دەناسی .. چونکە هاوڕێی خوێندن بوون پێکەوە .. دەستمان کرد بە قسە کردن  وداوای کاتێکم لێیان کرد کە سەردانم بکەن لە ماڵی خۆم .. ڕازی بوون و ڕێککەوتین لەسەر کۆبونەوەی سبەی پاش نوێژی عەسر . .

پرسیارم کرد لە هاوڕێکەی دەربارەی ئەو .. ووتی مرۆڤێکە چاکەی زۆری تێدایە .. پرسیارم کرد لە ئامادە نەبوونی لە مزگەوت چەند ڕۆژێکی زۆر بە تایبەتی ئەو هاوسێی مزگەوتەکەیە .. پێی ڕاگەیاندم کە ئەم هاوڕێیەی برادەری خراپی هەیە لە کارکردن پێکەوەن .. کاتێك پەیوەندیان پێوە دەکات دەبینیت ئامادەی مزگەوت و نوێژ نابێت وگەشتەکانی زیاد دەکات.. وە زۆر قسەمان کرد لەسەر باشترین ڕێگا بۆ دوورخستنەوەی لە هاوڕێی خراپ .. هاوڕێکەم دڵنیا کرد و پێم ووت هەوڵ دەدەم کە دووری بخەمەوە لێیان بە گوێرەی توانا ..

دوعام بۆ بکە کە خوای گەورە یارمەتیم بدات لەسەر ئەم شتە و داوای پاداشت لە خوای گەورە دەکەم . خۆم ئامادە کرد بۆ ئەو کاتە.. ئەوە عەسرە .. وە زۆر دڵخۆش بووم

پێی بەڵکو خوای گەورە هیدایەتی بدات لەسەر دەستی من .. وە چەند هاوڕێیەکم ئاگادار کردەوە وپێیم ووتن دەمانەوێت دووری بخەینەوە لە هاوڕێی خراپ .. ئەمیش ناکرێت بەبێ هاوکاری هەموومان .. دەبێت خۆشەویستی وسەرەنجی ڕابکێشین بەڵکو خوای گەورە هیدایەتی بدات ..

سەردانەکە جێبەجێ بوو لە کاتی خۆیدا .. وەئەوەی کە من دەموویست ڕوویدا .. پیاوێکە حەزی لە چاکەیە و نزیکە لە دڵەوە.. قسەکانمان جۆراو جۆر بوو .. وە هەندێ لە قسەکانمان باسی ئاوو هەوای باراناوی بوو لەم ڕۆژانەدا و فلانە ناوچە بەهارە و زەوی سەوزە .. ئەویش بەشداری کردین لە گفتوگۆکەدا دەرکەوت خاوەنی زانیارییە بە ناوچە سەوز وشێوازە پڕ دارو درەخت و جوان وسەرەنج ڕاکێشەکان .. ئاماژەی بەوە کرد کە فلانە ناوچە لە هەموو ناوچەکان باشترە چونکە زەوییەکەی لماوییە و داپۆشراوە بە گژوگیای سەوز وە لە نێوان ئەو لمە چڕو پڕەدا خوڕەی ئاوی سازگاری لێیە.. ڕێککەوتین لەسەر دەرچوون بۆ ئەم شوێنە جوانە لە کۆتایی ئەم هەفتەیەدا .. زۆر هەوڵی دا لەسەر ئەوەی کە ئێمە میوانی بین بەڵام ڕازی نەبووین و وڕەتمان کردەوە..

پێمان ووت بۆچوونەکە و ناسین وشارەزاییت بۆ ڕێگامان بەسە .. بەڵام لە پاش ڕاوێژێکی زۆر گەشتەکەمان بە بەشداری هەمووان بوو لە هەموو شتێکدا تەنها بۆچوونەکە نەبێت کە ئەو خاوەنی بوو ..

ئاوو هەوایەکی بەهاری جوان و باخچەو شوێنی پشوودان لە هەموو لایەکەوە لم دەورەی داوە ..

ئەم باخچەیە لە ناوەندی لمدایە.. بە ڕاستی لە جوانترین ناوچەکانە..

- پیاوەکە وای لێهات خۆشی دەویستین وخۆشەویستی و هۆگرییەکی زۆر دروست بوو لە نێوانماندا ..بە تایبەتی گەشت کردن بۆ ناوچە دوورەکان مانای خۆ نزیك کردنەوەیە لە هەمووان .. هاوڕێتیمان بەردەوام بوو لەگەڵ یەکتردا ماوەیەکی درێژ .. وە وای لێهات دەرچوون بۆ ووشکانی و گەشت کردن بە بێ پێشەکی ڕووی دەدا چونکە ئێمە ڕێککەوتین لەسەر دەرچوون کۆتایی هەموو هەفتەیەك.

نەخشەی ڕۆژانەمان لە گەشتەکەدا ڕێك دەخست و سودمان لە کاتەکە دەبینی ئیتر یان وەرزش کردن یاخود بە دانانی کات بۆ پشوودان.. وە لە پاش نوێژی بەیانی دەرسێك هەبوو وە لە پاش نوێژی عەسر دەرسێکی تری ماوە کورت هەبوو..

وەتووشی ماندووبوونێکی زۆر بووم بە هۆی ئەم پەیوەست بوونە هەفتانەیەوە بۆ دەرچوون بۆ دەرەوەی ماڵ .. چونکە ئەم کاتە سەبارەت بە من وەکو کاتێکی بەتاڵ و خۆیەکلا کردنەوە بوو بۆ خوێندنەوە و نوسین.. جگە لەوەش من زۆر لە پەیوەست بوونی خێزانیم هەڵوەشاندەوە لەبەر ئەم شتە ..

هاوڕێکەم وای لێهات پارێزگاری دەکرد لەسەر نوێژەکانی بە کۆمەڵ لە مزگەوتدا بە نوێژی بەیانیشەوە وە نیشانەی چاکە و دامەزراوی لێ دەرکەوت .. وە ئەم پەیوەندییە تایبەتییەم لەگەڵیدا هەلێك بوو بۆ من بۆ نزیك خستنەوەی لە خۆم وە زۆر لەو شتانەی

كە پێشتر بە دەسیەوە دەینالآند باسی كرد بۆم بە ئاشكرا هەروەها باسی سەردەمی نەفامی وفەوتاوی كرد ..چونكە هەتیوو بووە ولە مالّی باپیریدا گەورە بووە ..ئەم پەیوەندیەمان بەردەوام بوو بۆ ماوەی دوو مانگی تەواو .. پاشان خوای گەورە وای بڕیاردا بۆم كە لەم خانووە بار بكەم وبگوازمەوە بۆ خانوویەكی تری دەوروبەری شار لەبەر نزیكی لە شوێنی كار كردنم ..وە ئەو ڕۆژگارانە و گەشتەكان ڕاوەستان و بچڕان تەنانەت تەلەفون كردنم بۆی لەبەر نەبوونی تەلەفون لە لام ..

وە بە هۆی ئەمانەوە دوور بووم لێی ماوەیەكی درێژ تەنانەت كە دەچم بۆ مالّیان دەلّێت لە مالّ نی‌یە .

- پاك و بێگەردی بۆ خوای گەورەی گۆڕەری حالّەتەكان هەندێك لەو هاوڕێیانەی كە لەگەلّماندا دەهاتن پێیان ڕاگەیاندم كەوا گەڕاوەتەوە بۆ لای هاوڕێ خراپەكانی و گەڕاوەتەوە بۆ دووری لە خوای گەورە.. وە گەشت كردن زۆربەی كاتەكانی داگیر كردووە.. وەخێزانەكەی پشت گوێ خستووە و گەڕاوەتەوە بۆ سەردەمی پێشتری نوێژی بەكۆمەلّی واز لێ هێناوە ودەستی كردووە بەگەڕانەوە بۆ دواوە ..

دەستی كردووە بە گوێ گرتن لە گۆرانی .. وازی لە قورئان لەبەر كردن هێناوە .. وازی لە گەنجانی چاك هێناوە .. وازی لە پەرتووكە بەنرخەكان هێناوە .. خەفەتم خوارد و بێزار بووم لەم شتە ودوعام بۆ خۆم و ئەو كرد لە خوای گەورە .. وە هانی هەندێ لە برایانم دا بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو گەشتانە ..

پاش ماوەیەك یەكێك لە هاوڕێكان تەلەفونی بۆ كردم و دەنگی گۆڕابوو .. وە پێی ڕاگەیاندم كە فلآنە كەس مردووە .. إنا لله وإنا إليه راجعون .. چی ڕووی دا بەسەریدا

ماوەیەکە نەمبینیوە وەلەماڵیشەوە دەستم نەکەوتووە زۆر تەلەفونیشم بۆ کردووە .. پێی ووتم گەشتی کرد بوو بۆ رۆژهەلاتی ئاسیا لەگەڵ هاوڕێیانی خراپی دا وە بەشێکی زۆری خوارد بوو .. بەشێکی زۆری لە ماددەی بێ هۆش کەر خوارد بوو .. لەوێ مرد وهەڵگیرا بوو لە ناو تابوتێکدا (دارە مەیت) لەسەر فڕۆکەیەك وگەڕێنرایەوە، وە ڕاپۆرتێکی لەگەڵدا بوو کە ئەوە دەسەلمێنێت مردنەکەی بە هۆی خواردنی ئەو ماددە بێ هۆش کەرانەوە بووە ..

ترسام چۆن ترسانێك لە خراپی کۆتاییەکەی وە دڵنیا بووم لەوەی کە دڵەکان لە نێوان دوو پەنجە لە پەنجەکانی خوای گەورەدان چۆن ویستی لێ بێت وەریان دەگێڕێت ..

ئەو بەردەوام نەبوو لە گەڕانەوە و تۆبەکەیدا .. بەڵکو گەڕایەوە بۆ ئەوەی کە پێشتر لەسەری بوو ..

انا لله وإنا إليه راجعون .. لە ژیاندا لە خراپەوە گۆڕا بۆ چاکە .. پاشان گەڕایەوە بۆ ڕێگای خراپە و کۆتایی بە ژیانی هێنرا بە کۆتاییەکی خراپ کەسوو کاری دەیانووت .....

خۆزگە بەهەر شتێکی تر بمردایە جگە لەم مردنە وئەم ڕاپۆرتە ..

دەستم بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و پاڕامەوە لە دڵمەوە ..

ئەی وەرگێڕەری دڵ و چاوەکان دڵم دامەزرا و جێگیر بکەیت لەسەر دینەکەت ..

والحمد لله رب العالمين وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه أجمعين.